ئەستێتیکای خەیاڵ و دڵخۆشی لە کۆشیعری: (سەد و یەکشەوەی)ی سەباح هەنجدەردا.. بۆتان جەلال

پێشەکی:

(خەیاڵ) هەگەڵکی بنچینەیی پێکهاتەی شیعرە، شیعر و خەیاڵ هایەکی مەعریفی میتافیزیکیی دەیان گەیەنێتەیەك و پێکەوەیان دەبەستێتەوە، بایەخی ئەم توخمە هیچی کەمتر نییە لە توخمەکانی دیکەی شیعر، وەك: (واقیع، ناوەرۆك، ڕیتم و لەرینەوەی مۆزیك، جیهانبینی، زمان، وێنە). نووسەر و شاعیری بلیمەت لە خەیاڵکردن و خەونبینیدا لاپەڕەی تازە لە خوێندا دەکەنەوە، بۆ خەیاڵکردن و پەنابردن بۆ مەملکەتەکەی مەحاڵە شیعرنووسین و بیرکردنەوە لە دەربڕینە جوانەکانی شیعر و مەلەکردن لە ئاسۆ بکۆتاکەی. شیعر، خەیاڵە، بۆ خەیاڵکردن ژیان بوونی نییە، بۆ ئەوەی لە ژیاندا بمێنینەوە و جوانتر و شکۆدارتری بکەین، دەبێت خەیاڵەکانمان پەروەردەبکەین.
خەیاڵ جوگرافیا و سنووری هزر و ووبەری هۆشیاری دیارنییە، بۆ هەموو شتێك دەچێت و بە هەموو کون و کەلەبەرەکانی گەردوون و ژیاندا گوزەردەکات. شوێنپێی خۆی لەسەر لمی مۆشك و خۆڵەمێشی دەروون و قوڵ و لیتەی کەنار دەریای هەست و نەست جێدەهێڵێت. خەیاڵ ئامێری وێنەگرتنە و شاعیرانیش وێنەگری شارەزا و بە سەلیقەن لە گرتنی گۆشەنیگا و دیمەنەکانی جووڵە و بزاوتە خەیاڵییەکاندا، هارمۆنیای میتۆدە جیاجیاکان دەخەنە سەر شاشەی بینین و نەست و هەستە ناهۆشیارەکانیان دەجوووڵێنن و گەرم و بەجۆشیان دەکەن.
خەیاڵی ڕاستەقینە، بەرهەمدارە و شکۆداری دەچێتەوە، خەیاڵی سادەش، یان بە سادەیی دەمێنێتەوە، یان کۆرپەی کەمئەندامی لێدەکەوێتەوە و ناووونی و لێکپچڕایی دروستدەبێت.
(ئەلبێرت ئەنیشتاین) گوتوویەتی: (ئەقڵ و لۆژیك لە – ئەلفەوە بۆ بۆ – و لە – بۆ بۆ تۆ – ت دەبەن، بەڵام خەیاڵ بۆ هەموو شوێنکت دەبات)1. (فیدۆر دستویفسکی) گوتوویەتی: (واقیع و واقیعیەت واتلێدەکەن هیچ شتێك دوور لە لووتی خێت زیاتر نەبینیت، کەچی خەیاڵ دەتباتە هەموو شوێنێك بە ئاسمانەکانیشەوە)2. کەوابێت خەیاڵ ووبەر و بنمیچ و نیشانکار (دال) و نیشانکراو (مەدلوول) نایگرێتەوە و کردەیەکی بۆ کۆتاییە. شاعیر بوونەوەرێکی ژیاندۆست

و خەیاڵاوییە و ناوەندێکی لەبارە بۆ وێناکردنی ژیاننووسینەوە، بۆیە بۆ بەهاری خەیاڵەکانیان دەچنە ناو جەنگێکی درێژخایەن و ململانێی ئازایانە لەبەرگریکردن لە ماناوەی خەیاڵەکانیان دەکەن.
هەمیشە لە نێوان واقیع و خەیاڵ زەمینەیەك هەیە پێیدەگوترێت (شیعری جوان، نهێنی – شیعر خۆی نهێنییە)، بۆ ئەوەی دەستی بگاتە داهێنان و تواناشنیی، دەبێت خەیاڵ بکات و لەناو فەزای خەیاڵدا کەرستەکانی داهێنان بدزێتەوە، چونکە هەر خەیاڵە باڵی داهێنانی بۆ دروستدەکات تا بەرز و قووڵ بفڕێ و چاو لە قووڵایی ئاسماندا پەلکەزێڕینەی هەنگاوەنگی خەیاڵی بپشکێ و بە چەمکێك خەون و خەونبینیەوە مژار و میتۆدی ژیانیان لێ بسکێنێت و کێگەی سرووش و داهێنان بە تۆی خەیاڵ بچنێت.
هەر دەقێك فەزا و هەنگ و بۆن و ئێستێتیکای خەیاڵەکانی جیاوازە لەگەڵ دەقێکی دیکەدا و لێکدانەوەی جیاوازیش هەڵدەگرێت. کاتێك بتەوێت بە دەقێکی دیکە بەراوردی بکەیت، چونکە دەقەکان خەیاڵن، خەیاڵیش لە سەرچاوەوە بە جیاواز تیشکی داهێنانی لێوە دەبریسکێتەوە و دەنێردرێتەوە بۆ ناوکی دەق و هێواڵەتەکەی پێ بارگاوی دەکرێت، بۆیە (بۆرخێس) دەیگوت: ئەگەر دەق وەها خوێندرایەوە، کە گفتوگۆی ئەڤێ دەکات ئەوە بزانە ئەو دەقە (پەخشان)ە، ئەگەر وەهاش خوێندرایەوە کە دیالێگی خەیاڵ دروستدەکات، ئەو دەقە (شیعر)ە و پێە لە بزاوت و مانا و داهێنانە ئێستێتیکییەکان3.

سروشت و ئێستێتیکای خەیاڵ لە دەقدا:

سروشتی خەیاڵ دوو جۆرە، یەکەمیان: خەیاڵێکی (داهێنەرانەیە) لە نهێنی مادە هەستکراو و ناهەستکراوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. دووەمیان: خەیاڵێکی (نووسراوەیە). دیمەنەکان لە یەکتری نزیکدەکاتەوە، پاشان وێنەیان دەگرێت. دواتر لە ئێپەراسیۆنکی تەواو مەعریفی دەیانخاتە چوارچێوەی هزر و خەیاڵگەرایی، دوایی شاعیر کۆی وێنەکان لەناو چوارچێوەکەدا بە هێواڵەت و جۆری جیاواز ڕێزگاریان دەکات و بە شێوەی وێنەی شیعری دەیانهێنێتە دەرەوە.
لە کردەی شیعرنووسیندا هەر دوو چەشنی خەیاڵەکان زیانی نییە، خەیاڵ لە کرێك و ناوکیدا گەڕان و گەشتێکی شاراوەی باری ناهەستیی و ناهۆشیاریە لە سات و کاتی نادیاردا، ئامادەدەبێت و کەشوهەوای زەین خۆشدەکات. زەمینە بۆ جۆشدانی بیر و ئیحا دەگونجێنێت، خەیاڵ کەشفی شتە پەنهانەکانی پشت تێفکرین و هووبەرە فراوانەکانی بابەتە ناهەستیارەکانی ناو گفتوگۆ و ململانێی ئەڤ و لێزیکە.

کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)ی سەباح هەنجدەر هەسەنی بۆ شیعری پێستمدەرنیزمی کوردی دەگێتەوە. تێیدا هەر دوو جۆرە خەیاڵەکان هەن، وەڵێ خەیاڵی داهێنەرانەی هووپۆوکی زیاتری داگیرکردووە. دەسەڵاتی خەونبینیەکەی زاڵە بەسەر خەیاڵە نووسراوە ئامادەییەکاندا.

(شار باخچەی ئاژەڵی دەندەیە
بۆ ئاگایە لە ئازار و برین زیادەکات
دەمە سەر سینەی شکۆمەند و پۆ هاوارت
ئەی گومەزی هەوێنی تاج و هەنگی دۆ
قومرییەك لەناو چوارینەکانی باباتاهیر
تۆر دانی ئەفسانەی خوارد
بەناوچەوانی خانووەکەمان نیشتەوە
سەربانی نان و ئاوە
لەسەر بانداژیان
ئەقەی بەختی خەواووی حاجی قادری کۆیی دەسووڕێنێ
ئەڕۆ چاوی گای ناو سەرك دەبێتە
لیستی ناو کتێبی کتێبخانەی گشتی یان نا
چاو ناودەنێین دەشتی قوربانی
کە هەمیشە لووژە لە تاسەی سەوزبوون و دەنگی خۆشی مام زەراب) ل: 31

وێنەی:

(شار باخچەی ئاژەڵی دەندەیە
بۆ ئاگایە لە ئازار و برین زیادەکات) ل: 31

وێنەی:

(قومرییەك لەناو چوارینەکانی باباتاهیر
تۆر دانی ئەفسانەی خوارد
بەناوچەوانی خانووەکەمان نیشتەوە) ل: 31

لە هەر دوو وێنەی سەرەوەدا نموونەی خەیاڵی نووسراون، شاعیر زۆر ناچێتە قووڵایی خەیاڵەکانی و وێنە ناهەستییەکانی پەرتەوازەی ناکات، بە سادەیی خەیاڵ دەنووسێتەوە، تەنیا (شار) دەگوازرێتەوە ناو بوار و کایەی خەیاڵێك، کە بووەتە (باخچەی ئاژەڵی دەندە) و (قومری)یش لەناو چوارینەکانی (باباتاهیری هەمەدانی) دانی خواردووە، پاشان بەناوچەوانی ماڵەکەیان نیشتووەتەوە و بووەتە هۆی

نووسینی شیعرە بەناوبانگەکەی (حاجی قادری کۆیی) (بەختی خەواوو)، کە هۆمایەکی گەشی شیعری تاراوگە و نەتەوەییمانە.

وێنەی:

(ئەڕۆ چاوی گای ناو سەرك دەبڕتە
لیستی ناو کتێبی کتێبخانەی گشتی یان نا
چاو ناودەنێین دەشتی قوربانی
کە هەمیشە لووژە لە تاسەی سەوزبوون و دەنگی خۆشی مام زڕاب) ل: 31

لێرە (چاوی گا) چەندان وێنەی جڕاوجڕی تەجریدی پێکهێناوە، خەیاڵەکانی ئاواز و فرەمانان، میتۆدی ئەفسانە و هونەری شێوەکاری و مۆزووی پێکەوە گرێداوە، بیرنراو و نەبینراو یەك پێکهاتەیان هەیە. بابەتی هەوێنکردنی چەند مزارێك ئاشکرادەکات، (چاوی گا) هەنگی هەشە، گرێیداوە بە مۆوژە هەشەی مام زڕاب، لە چاوی گاوە خەیاڵی فۆیوەتە سەر ئاژانی منداڵیی، کە لە قوتابخانە لە کتێبی ئەلفوبێی کوردی (ئیبراهیم ئەمین باڵدار) مۆوژی مام زڕابی خوێندووە. هەر لەم خەیاڵەش چووەتە لای هونەری شێوەکاری وێنە تەجریدییەکانی: (سلڤادۆر دالی) کە لە چاوی گاوە دیمەنی فرە مانایی و هاودژە مانایی خوێقاندووە، بووەتەمایەی بەکاربردن و بەهەمهێنان. هەنگبێت شیعرە بەناوبانگەکەی شاعیری عەرەب: (علي بن الجهم)ی هاتبێتەوە یاد بە ناوی: (عيون المها)، ئەم شیعرە پێیەتی لە ئەفسوون و نهێنی جوانی و فانتازیای خەیاڵێکی بە پیت و جیهانبینی ئاشن، تەنیا لە چوار دێرەکانی کۆتایی ئەم شیعرە، کە نموونەی خەیاڵێکی داهێنەرانەیە، (دەق) واڵایە بۆ شرۆڤە و لێکدانەوەی دیکەش، کە لەوانەیە لە ئایندە ئاماژەی کەشفەکانی بدات.
(بۆ پێکهاتنی وێنەی شیعری The Poetic Image هەر دوو هەگەزی زمان و خەیاڵ کارلێکێکی کیماگەرانە لەنێواندا دەسازێت، لە ڕووبەری ئاوێتەبوونیاندا هزر (فیکر) ئامادەکاری پێشوەختەی خۆی کردووە، بۆ هزر هیچ وێنەیەك لە خەیاڵدا دروست نابێت، بۆ وێنەش شیعر کامڵ نابێت، (زمان)یش هۆکاری بەرجەستەکردنی وێنەکان لەئەستۆدەگرێت، ئەمەش ئەو تێڕەیە کە: (ئەرستۆ) لەبارەی پێکهاتەی وێنەی شیعری خستوویەتیە بەر دیدە:

وێنەی شیعری هزر + زمان + خەیاڵ

وێنە شیعرییەکان جەستە و ڕۆح و جەوهەری دەقن، هیچ کام لە دەقێك هەوایی و تەندروستی بێ ناگەڕێتەوە، مەگەر لە بنیادیدا چەند وێنەیەکی شیعریی جێگای خۆی نەکردبێتەوە)4. ئەرکی خەیاڵ لە کارە داهێنراوەکاندا ئەرکێکی ناوەندگیرە، بەبێ گەرمکردنی خەیاڵ و جۆشدانی، هەستە دیار و نادیارەکان ناچنە ژێرباڵی دروستکردنی پیت و هێڵ، ئەمانیش شاعیری بە ئەزموون و فیکرێشن زوو هەستەکانی دەبنە هاوکار و پاڵپشت بێ داوکردنی خەیاڵەکانی.
مەزراندنی (تەوزیفکردنی) کلتووری کوردی لە دەقە نوێخوازەکانی شیعری کوردی، هەندێ جیاجیای وەرگرتووە، لە شیعری: (کەشك) بەو خەون و دیدە خەیاڵاوییانەیەوە چووەتە ناو کەشك و چەند پاژێك لە شیعرەکەی لە گفتوگۆی ناو کەشکەوە گواستووەتەوە:

(پیاوێك بە ناوی نالی چووە کەشکی میرنشینی بابان
کەس لەوێ نەبوو
کەس لەوێ نەمابوو
لە پێناوی خەون بینینێك مایەوە
سەری لەناو پەنجەرەیەك دانا و خەوت
بەیانی وەك هەموو بەیانییە ڕوو لە خۆرەکان
زوو لە خەو هەستا
لەسەر گردی بەرانبەر کەشك
درەختی حەفت بەری ڕواند
بە سالمی گوت بە حەبیبە بڵێ بمبووڕێ زۆربەی ژیانم
لە ڕووانینی ئەو درەختە بەختکرد و ئاوی حەفت جۆگەم هێنایەوە سەری
بەچی دەچێ و دەبێتە چی
کە یاداشتی بزربوونی دوازدە سوارەی مەریوان
لە توێکڵی میوەکانی نەنووسرێتەوە
دەنا درێیە وشکی کەن درەخت نییە) ل: 69

هەڵچنینی هزری کلتووری (بەشە زیندووەکەی) لە ئەدەبیاتی کوردیمان بە گشتی و لە شیعری کوردیمان بە تایبەتی، داهێنانی ئەمڕۆی نووسەر و شاعیران نییە، دەمێکە ئەو کردار و خولیایە هەبووە، هەر شاعیرێك بە جۆرێ وزەی خۆی بۆ بەستکردن و هەسەنگەرایی خستووەتە ناو پرۆژەکەیەوە و قسەیەکی لێکردووە.
ئەو دەقە، (کەشك) بە دید و خەیاڵێکی تەواو جیاواز داڕێژراوە، لێرە شاعیر زمان و فۆرم و مەبەستە کلتوورییەکەی بە چاودێرییەکی زیرەوە خستووەتە بەر خزمەتکردنی (مەبەست)، کە ئامانجی شاعیر تێیدا جیاکاری بینینە لە کلتووری کۆن و تازەکانی میللەتەکەمان.

لەم دەقەدا تەجاوزی کارە دیکەمۆنتاری و ئەرشیفییەکان کراوە، بە زمانی نوێ و جیهانبینی فراوان و فۆرمی پتەو چوونەتە خزمەت کاراکردنی کلتوور و نیشانکارەکان تەواو دوورن لەو مانا بەخشییەی نیشانکراوەکان بە تەمان لێیان نزیکببنەوە.
مەزراندنی کلتوور تەنیا شکۆدارکردنی کلتوورەکە نییە، بەڵکو دنیایەك مانابەخشی لە دیدگەمان دەخرێشنێت، وادەکات بە چاوی فەلسەفییەوە سەیری کەسایەتییە کلتووریییەکانمان بکەین و وانە و واتای نوێیان لێوە فێربین. (نالی) و (حەبیبە) لێرە تەنیا دوو کەسایەتی نین، یەکیان شاعیر و ئەوی تریش دێخوازەکەی، هەهندە فەلسەفییەکانی پەیوەندی نێوانیان گرینگە، کە دنیابینی و ژیاندۆستی و مرۆڤایەتییە.
چوست و چالاککردنی کایەی ئەندێشە و جووڵاندنی بە هەموو لایەکدا ئەرکێکی دیکەی خەیاڵە، بۆ ئەوەی جووڵە و هێزێکی دینامیکی بە هەست و نەست و زەینە دامرکاوە نیشتووەکانی ناو خولگەی ئەندێشە ببەخشین، دەبێت خەیاڵ چالاك خۆی بنوێنێت و هەموو جۆرە هەستەکان بکەونە خۆیان، چونکە خەیاڵ دیدگە و بیرەوەری تیژتر دەکات. لە ڕێگای هەستی بینین و گوێگرتن و ئاخافتنەوە ناوەندێك لە خەون و خەیاڵ هەوایی بە دەروونڕشنی خود دەدات بچێتە ناو گەشتی چنینەوەی خەیاڵ.
(پاسترناك) پێیوایە لە بنچینەدا شاعیران لاڵن. توانای قسەکردنیان کەمە، لە ڕێگای گوێچکە و چاوەکانیان وێنەی خەیاڵەکانیان بەرجەستە دەکەن، لەگەڵ سروشتدا دووانەیەکی ناهۆشیاری و نامیتافیزیکی هاوبەش فەراهەم دەکەن، کە کاری ئەوەبێت وەك ماتڕ و دینەمۆیەك هەمیشە هێز و وزە بداتە سەرووی خۆی، کە هەست و ناهەستە ئامادەکراوکانی خودە جۆشنەرەکەیە: 5

(وەاتێك لە شەڕکدا کە نامەی
جەنگاوەرەکانی دەبووە مۆژووی ناونان لە ئاگرێك نەوەك بکوژێتەوە
قزاخەیەکی نەتروکاوی بردەوە سووی ژیانی جەلالی میرزا کەریم
لەو بەیانییە تەواو بوو کە برایەکان
کفنیان بۆ درەختە مەست و بەردارەکانی هەولێر دەبڕی
کفن لەو کاتەدا دوو هەنگ بوو
کفن لەو کاتەدا گیرفانی هەبوو
ئیدی هەوا لە ژوورەکەیدا جگڕکێی نەکرد) ل: 14

کاتێك هۆش و نەست تەواو دەهەنجێن لە دەوروبەریاندا، سێزکی ئەفسووناوی باڵی دەکێشی بەسەر سەرجەم کایە مرۆییەکاندا فەرمانی

بـــزاق و چوســـتکردنی دەدات. نـــاخ و خەیـــاڵ بە ئامـــادەبووان و بەرهەمهێنانی پەچەکردار، شاعیر چالاکانە خەیاڵەکانی بەسەر چەند پاژێك لە بابەتی ئەم دەقە دابەشکردووە، هەر لە کێچکردنی (جەلالی میرزا کەریم) لە هەوڵێر و ئاشووبی شەی ناوخۆ و دروستبوونی کەشوهەوایەکی نائارام و بێهوودەیی و ژیان ئاوەستان و کارەساتە جەرگبڕەکان، هەموویان گەشتی خەیاڵن بەسەر یەکەیەکەی وێنەکانی ناو ئەم دەقە، کە مەرکی شاعیرێکی خەیاڵ دەوڵەمەندن، لە هەمان کاتدا کاردانەوەن بۆ ئەو ڕووداوانەی لایەکی هاوکێشەی خەیاڵ دەگرنەوە.
چۆن خەیاڵ ئەو چرکە شیعرییانە دەقزێتەوە، کە شاعیر تێیاندا پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کارتێکردنی نەوانیانەوە هەیە؟ فەزای خەیاڵ فراوانە و چەندان تەنی درەوشاوە لەسەر شێوەی گەردیلەی خەیاڵە بچووکەکان لەو ناوەندەدا بەریەکدەکەون، لە ئەنجامی کێ ئێپەراسیۆنە هاڵمۆنییەکانی ناهەستی و ناهۆشیاری ناو کایەی دەق. چەند چرکە شیعرییەکی ئامادە (لحظة شعرية) دەست شاعیر دەکەون و خۆڕا هەستەکان بۆ ڕزگارکردنیان لەو ناوەندە خڕشاوەدا دەیانخەمڵێنن، کە جیوە ئاسا هێندە تیژ و سرك و خزن زوو لەناو زەیندا دەستەمۆ دەکرێن، دەبنە ئەو وێنە شیعرییانەی کە لە منداڵدانی خەیاڵەوە پێتێندراون و بە شێوەی کۆرپە (وێنەی شیعر) چاو بە ژیان دەتروکێنن.
(تۆپۆفیلیا (Topophilia) ڕەگەکی خولگەیی و کێشکار دەبینێت لە فراوانکردنی ڕووپێوی خەیاڵی ناو دەقە خەونبینەکان)6.

(بەو نیازە پەنجەرەکەم کردەوە
با بێتە ماڵەکەمەوە کەمانچە بژەنێت
درەخت گۆرانیبێژ و خاووخێزانیش کۆرس
کەلوپەلیش گوێگر
ئەستەمە لە ماڵێکدا دەنگ ئاواز نەسکێنێت
کاتژمێری هەواسراو
کات نەکاتە ئادەمیزادێکی درێزن و فریودەرە
مەمم لە هەموو پەنجەرەی ژوورەکانی ماڵم داگیرساندووە و گۆرانی دەڵێم
سەاو لە ئاڵای وڵاتەکەم سەبەرەکانی تێکەڵ نەکرد
بەختیار زەوەر گوێی سەربەستی لە دەستی نزیك خستەوە
لە کۆتانەکاندا بڵاوی کردەوە
درەنگ گەیشتە ماڵی خۆی
بۆنی تێدا نەما) ل: 107

(کاتژمێر) ناونیشانی ئەو شیعرەیە هەر بە مەبەست ئەم ناوەی هەڵبژاردووە، کە هێمایە بۆ کات (الزمن)، بە هەر سێ جۆرییەوە ئابردوو، ئێستا، ئانەبردوو، ئەم شیعرە ناوەرۆکەکەی دوو مژار دەپێکێت.
یەکەم: کات و ئەو ماوەیەی کە کارەکانی تێدا ئەنجامدەدرێت، یان ئەنجامدراوە، یان ئێستا کاریگەرییەکەی دەردەکەوێت.
دووەم: غەریبی و گەانەوە بۆ ڕابردوو (الحنين الى الماضي). خەیاڵ پەیوەستە بە کات و کردار و شوێن، زۆرترین چەشنی خەیاڵێك، کە شاعیران خولیا و هۆگری ببن، ئەو ڕووداوە خۆش و ناخۆشانەیە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە و کاریگەری بەسەر زەینی شاعیرەکە ماوە، لە شوێنکدا بەجێماوە و وەك کارێکی لەدەستچوو حەسرەتی بۆ هەدەکێشێت.
شاعیر: (گوێی سەربەستی)ی (بەختیار زۆهر) دەکاتە پرسی خولگەیی و لەوێوە پەل بۆ بیرهێنانەوە لە ڕۆگای خەیاڵگەراییەك، بەسەر ماڵێکی هونەردەست و دەنگی گۆرانیبێژان و خودی شاعیرێك، کە خاوەن شیعرەکەیە هێمای شیعری بەرگریی و بەرخودان و مانەوەی نەتەوەیەکە، دەهاوێژێت و بنیادی دەقەکەی پێ دروستدەکات.
دیمەنە خەیاڵییەکان پێکەوە گرێدراون و سەربردەیەك، لە شارێکی وەك سلێمانی و لە زەمەنی (بەختیار زۆهر) و بارودۆخی سیاسی ئەو سەردەمە دەگێڕتەوە، ئاهێك بۆ بەسەرچوونی بۆنی خۆشی گوێی سەربەستی دەکێشێت، کە خاوەنەکەی تۆز بۆنی نەکرد، ئەو گوێەی هێمای ڕۆژی سەربەخێیی و ئازادی نەتەوەی کورده، بۆنی بەسەر هەموو کوچە و کۆڵانەکانی شار پرژا، بەڵام شاعیر نەیتوانی بە دڵی خۆی بۆنی بکات، بە یادی ئەو شیعرە ڕۆژانی ئەمڕۆی باری سیاسی دەهێنێتە ناو گرتە و دیمەنی ئەمڕۆکەمان و بە تێکەڵکێشییەك مەبەستەکەی دەداتە خوێنەرانی.
شاعیری (سەد و یەکشەوە) لە زۆرینەی دەقەکانی ناو ئەم کۆشیعرییەدا بە هەناسەی غەریبی و ئاخ هەڵکێشان بۆ ئابردوو دەقەکانی هەنگڕۆژ بە نێستالیژیا کردووە و تێیدا لە بەرجەستەکردنیان هەگاڕبوونێکی هەستیی و هۆشیاری ساغبووەتەوە.
چۆن خەیاڵ پێدەگات و فشاردەخاتە سەر کردەی چالاککردنی مێشك و دەرهاویشتەکانی لە ڕوانگەی زەین و نەست و حاڵەتی ناهۆشیاریدا، چ ڕێگەك وەردەگرێت؟
لە شیعری: (سوپاس) ئەو وێنەشیعرییانەی لەو دەقەدا هەن پێمان دەڵێن بوونی (ڕووداو) بۆ دروستبوونی (فشار) چەند گرینگە، کە خەیاڵ لەو کردارەدا چەشنی پەین و کیمیایە بۆ بەپیتکردنی زەوی و زۆربوونی بەروبووم.

(باران له دەرگای زەمین دەدا
گیای ڕووخ‌ش لێی دەکاتەوە
کەرۆشکێك دەچێتە نزیکی
سمێی لەسەر و پرچی دەسووڕ
سوپاس بێ نان و نمەکی خودا
بە دڵێك بە ڕێگاوە دەڕوات
کە دڵ لە دڵدانی لەدوا نییە) ل: 16

هێزی پاڵنەری (ڕووداو)، فشار دەخاتە سەر بیر و هۆش و ڕێکیان دەخات بۆ خۆهەڵکوتانە ناو بواری گەورەکردنی خەیاڵ و لە ئەنجامی ئەو تەوژم و فشارانە، خەیاڵ دەتەقێتەوە، چونکە لە دڵخی ئاسایی و چەقبەستوویيدا خەیاڵەکان بەر هۆش و نەست و حاڵەتە ناهۆشیارەکان ناکەون، دەبێت بەرێککەوتنێك ڕووبدات تا خەیاڵیش گورجوگۆڵ ببێت بە بەرکار و فرمانی خۆی بکەوێت.
تا (باران لە دەرگای زەمینی نەدا) هیچ کردارێکی زەینی لەسەر دروستبوونی وێنەی دڕی دووەم (گیای ڕووخ‌ش لێی دەکاتەوە) دروستنەبوو، ڕووداو (باران) و (گیای ڕووخ‌ش) ئەو فشارەش دەبێتە هۆکاری لێکردنەوەی باران، پاشان خەیاڵ لە دۆرەکانی دواییدا فراوانتر و زنجیرەیی پێکەوە دەبەسترێنەوە، بۆ هۆکاری جووڵاندنی خەیاڵ، دەق لە بنیادی ناوەوەی خۆیدا ئەو سیستماتیکە دراماییە لەدەستدەدات، کە بۆ گێڕانەوە (السرد) حاڵەتێکی پێویستە، یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی مانابەخشی لە دەقدا.
بنیادنانی دەق، کردەیەکە هەمیشە بە کراوەیی کۆتایی دێت، هیچ ڕستەیەك لەناو وێنەی شیعریی بە دانانی (نیهاد) بۆ (گوزارە)، یان بەپێچەوانەوە، مانای تەواوی نادات، دەکرێت دەق بەوە بچووێنین پارچەیەکە لە کریستاڵ، پارچەی بچووکی دیکەی لێ کەمبووەتەوە، ئەمە بۆ ناوەندی ئەو بیرکەیەمان دەبات، کە گوزارشتە شیعرییەکان تەواوبن، یەدەگی دەربڕینە پەخشانییەکان دەستپێدەکەن، واتە: شیعر لە دەقی ئەدەبییدا بە تەنیا گوزارشتبێ نییە، پەخشان هاوکاری گوزارشت و دەربڕینەکانی دەکات، بڕیە: (ت. س. ئیلیێت) دەیگوت: (مەحاڵە بە پێی و بە تەواوی بە زمانی شیعر ئەو دەقە بنووسم، کە دەمەوێت تەواوی بکەم)7.
هەر وەختێك دەق هێزی کرانەوەی بۆ خرایە سەر پشت و سەربەستی خۆی لە گوزارشتە خەیاڵییەکان وەرگرت، شیعر وزەی لە خەیاڵ پێدەگات، خەیاڵ بۆ تەواوکردنی بنیادی چوارچێوەی خستنەناوەوەی دەق پەنا بۆ (زمان) دەبات وەك گوزارشت، جا بە شیعر بێت، یان پەخشان، یان پەخشانە شیعر، لەم حاڵەتەدا بازنەکانی خەیاڵ شەپێلدەدەن و لەگەڵ

میکانیزمی کارلێکردنی هەستەکان، گوزارشتیش ئەقە بەدوای خێی دروستدەکات، تا بنیادی دەق دەنووسرێتەوە، چەندان جار شاعیرەکە ئەقە گوزارشتەکانی دەگ□□ت، ووبەری دەق دەبێتە ئامێزگری چەندان وێنەی خەیاڵی تەواونەکراو.

(سوپاس و دروود بێ ئازارەکانی ژیان
مرۆڤ دوای مردن
پێویستی بە چوونە بەهەشتە
جێگەلە بباتە بن درەختی ئومێد و نەمری
میوە لە شکۆمەندی دوای زەردەخەنە زیاتر نییە
خودایە ئاگرێکم بێ دەستنیشان بکە
چاوی هەموو بینینەکان بنووسێت
دڵم دەتوێنمەوە و گو□□ایەڵی دەبم
مردووەکان بە چ شێوەیەك دەگە□□نەوە سەر زەوی) ل: 80

شاعیر خێی لە پراگماتیکیی دووردەخاتەوە، بەدوای بازنە یەك بەناو ئەوی دیکە چووەکان دەکەوێ، لەهەر وێنەیەکی شیعر وێنەیەکی دیکە دروستدەکاتەوە، تا دەگاتە وێنەیەکی خەیاڵی گەورەتر، پێش ئەوەی پشووبدات، سەرلەنوێ خەیاڵی دەیباتەوە بێ شوێنکی دیکە. لەوێش بازنە بەناویەکترچووکان دەکاتەوە، تا کۆتایی دەق دەبێتە خاوەنی چەندان بازنە، بێئەوەی دەق لەووی بنیادنانییەوە تەواوببێ، جا لەو پاژە شیعرییەی کە تەواونەبووە، بزانە خەیاڵ چۆن بێ شوێنکی دیکە و مەبەستی دیکەی جیاوازی دەبات:

(کاکەی فەللاح بە پشوویەکی ئارامەوە لە سەنگەردا هاتەدەر
نەختێك □اما و گ□□ەپانی بەردەمی کردە بەردەنوێژ
بە قووڵایی وێنە □ەش و سپییەکانی خێدا هاتوچوو
قەڵەمەکەی بە ئەسپایی لەسەر شووشەی لامپا دانا
بەرەو گ□□ هەنگاوی خێشکرد
گ□□ سەنگەری ش□□شگ□□انە
نووسینەکانی □وومەتی کۆلیش بزەی واتادارن) ل: 80

ئەو کات شیعر شێوەی خەیاڵی میکانیکی وەردەگرێت، ئەگەر لە جووڵەکردنکی هەمیشەییدا فۆرمەکرابێت، دەقی: (خەیاڵی میکانیکی) ئەو دەقانەن بە هەموو لایەکدا نەست و هەستی ناهۆشیاری بێاوە پێدەکەن، چەندان وێنەی جۆراوجۆری خەیاڵ دروستدەکەن، پاشان دەگە□□نەوە چەقی مەبەست (ناوەرکی دەق)، ئەو مەبەستە ئەوەیە، ناوەرکی پان و بەرینە، هیچ نیشانکار و نیشانکراوکیش تێیدا

جێگای نابێتەوە، تانوپۆیەکن لە یەکتردا جیابوونەتەوە و بەدوای یەکترکەشکردن ناگەڕێن، تەنیا خەیاڵبینییە دەتوانێت وزەی شاعیر بەرەو ئەو مەدایە ببات، شاعیران تێیدا لە خولگەیەکی کراوەی فرەجەمسەر مانا دروستدەکەن و دەیانخەنە ناو بەرگی خەیاڵی و پەخشیاندەکەن.

ئەندازەی بنیادنانی دەق لای: (سەباح هەنجدەر) پلانداڕێژی پێشوەختەی بۆ نەکراوە، ڕاستەوخۆ و سرووشئامێز دەچێتە ناو کەشوهەوای شیعر و دڵخۆشکردنی خەیاڵ دەهەخسێنێت، پشتبەستن بەو چرکە ئیلهامبەخشانەی لەگەڵ خۆی دەیبەن بۆ ڕووبەری سەرگەرمی و کەکەڵەبوون و خرۆشاندنی ناخ و هەڵاویسانی هەستەکان، ئەمەش لەلایەك بارکی پڕزەتیقە، شاعیری قاڵبداڕێژی لێ پەروەردە نەبووە، شیعرنووسکی حازربەدەستی لێدەرناچێت، لەلایەکی دیکەشەوە بارکی نێگەتیقە، زەرجار خەیاڵ دەیگەڕێننەوە ناو ئەو بوارە خەیاڵاوییەی چەند جارکی دیکە لە هەمان شوێندا وێنەی نزیك بە وێنەکانی پێشووی لێچنیوە، بۆیە فەرمی هەندێك لە خەیاڵەکانی بە یەکتری دەچن، هەمان مەرکی شیعری کۆنی پێوە دیاردەبێت. لە جیاتی: (کاکەی فەللاح) هەر ناوکی دیکەشی دانابایە، هیچ لە وێنەی خەیاڵە شیعرییەکە ناگۆڕێت. واتە: (کاکەی فەللاح) دەبێتە هەموو ناوەکان.

(خەیاڵی کراوە، وەك دەقی کراوە (النص المفتوح) وایە، لەو ساتانەی شاعیر دەیەوێت کەرستەکانی بنیادی خەیاڵە شیعرییەکانی بە کەرستەی هونەری دیکە دەوڵەمەند بکات، پەیوەندیکردن و سنووردارکردنی سرووش و سۆزی ببەزێنێت و بچێتە ناو خولیا و حەز و ویستکی هونەری شیعری تازەوە، خۆی بۆ ناو مەرگکی سەوزتر و تەڕتر بخزێنێت و چێژ بگۆڕێت، پەنا بۆ پاشخانە هۆشبیرییەکەی دەبات، دەبینین دەست بۆ خەیاڵی میوزیکی و گۆرانیگوتن و تابلۆکێشان و شانۆگەری و فیلمسازیی … تاد)8. دەبات، چەمکی مەعریفەگەراییەکەی هاوکاری دەکات، بەو کەرستانە دەچێتە ناو خولگەی خەیاڵی نوێ بۆ هێنانەکایەی وێنەی شیعری نوێ.

جار هەیە هەر یەك لەو هونەرانە بە جیا سوودی لێوەرگرتووە لە مەزراندنی شیعرکیدا، جاریش هەیە چەند هونەرێك پێکەوە لە دروستکردنی پەیوەندییە خەیاڵییەکانیدا ئاوێتەی یەکتری دەکات، پەلکەزێڕینەیەك لە هونەر لە شێوەی خەیاڵی شیعری لە فەزای داهێنان و فانتازیادا پێکدێت. نموونە لە شیعری: (دڵتەنگی) دەبینین لە وێنەشیعری: (حەمدی) شاعیردا زەر جوان پەلدەهاوێت بۆ: (کاوس ئاغا)ی لاوکبێژ و لە دوو وێنەی شیعر و هونەری گۆرانی و لاوکبێژیدا تابلۆیەکی (وێژەیی-هونەریی) دەخوڵقێنێت، ڕاستە دوو وێنەی خەیاڵی لە یەکتر جیان لەووی ناوەرۆکدا، بەڵام دەقکی کراوەی بۆ فەزای

شیعرەکە هەخساندووە. جگای کەرستەی هونەریشی تدابینتەوە و پەنجەرەی دەقەکەی بەسەر پشتەوە واکردووە.

(هەر گایەك وبوونکی بەدواوەیە
وێشە دەتگەیەنێتە قووڵایی گیان
دوای لەدایکبوونی حەمدی
خوێن لە ناخی چۆڕا
زەوی بە شەونم تەڕ بوو
ژنیوەی تەمەنی بە دیار زەویەوە هادەوستێت و دادەمێنێت
شتێك بدزێتەوە
نەیدزییەوە
لە ئاوابووندا دێتەنگییەکانی بەدی دەکات
هەر کە دێم بەهنجێنێت
خانمی شیعر و هەولێر و نەوای کۆستانان خاخ دەملاوێننەوە
کاوس ئاغاش مەتم لە مەرگ بێ وەردەگرێت
گوێ لە داستان هابگرم
شکۆی خودا لە دەوروپشتم ئایەکە هەدراو
سێبەری بەسەر بریننی قوربانییەکاندا دەکشێت
چاوی بێداری و نەسرەوتن دنیای پیشاندام) ل: 90

لە چرکەی هشیاری و خاڵکترازاندنی خەیاەکانی، دەچێتە باری ئاگایی و هەستکردن بە دەوروبەری، بێ لاوانەوەی خی لە هەر گریمانەیەکی دشکاندنی، پەنا بێ شیعر و هەولێر و کۆستانان خاخ دەبات، (گاستن باشلار 1884 – 1962 لە بیردزەی (فانتازیای شوێن)دا گوتوویەتی: (شوێن پەیوەندییەکی هاستەوخی باری سایکاڵژی و نووسەر دەردەخات، ئەو شوێنەی هەمیشە حەزدەکات لە ناویدا بە خەیاە، یان لە هاستیدا بژیت و هەمیشە فیکر و زەینی لەسەرە و خشیدەوێت) کە (هەولێر)ی شاری شاعیرە، ئەمە بەو مانایە دێت، خەیاە هووی ئاگایی و وشاریش دەیگرێتەوە، هەموو خەیاەك تەنیا وەهم و سەرابکی تەمومژاوی نییە، بەکو هکارکی زیندووە لە (تۆبفیلیا – Topophilia) کە هەمیشە گەانەوەیە بێ ئەو جگایانەی لە دەروونتدا بە نەمری دەمێننەوە)9.
زمانی خەیاە لە دەقدا:

(مالارمێ) دەیگوت: (من بە قەای پاییننی (زمان)م، خم دەپارزم. هەر وەختك ژەنگوژار بنیشت، گەانەوەش بێ بەکارهنانی زمانی هز دەرگای قەا پاییننەکەمە)10. زمان لەناو کایەی شیعردا ێی هز و درەوشانەوەی داهنان و هاوسەنگاگرتنی هەموو بنەما و مەرجەکانی

شیعر نماییشدەکات، گرینگی و کاریگەرییەکەی لە دەغدەغەدانی خەیاڵدا فراوانتر و چوست و چالاکتر پەرەدەستێنێت، بۆیە وروژاندنی خەیاڵ، بەهێزبوون و پاراوترکردنی زمانی لێوە بەدەستدێت، بە ئەزموون سەلمێندراوە، تا زمان کاریگەرییە پێزەتیقەکانی بکەونەکار، شیعر توانای خۆنوێکردنەوەی لە وشە و دەستەواژە و هێما و زانستە زمانییەکان بە گشتی، دەوڵەمەندتر دەبێت و کاراتر دڵخ بۆ نەشونمای پێش و کارتێکردن لە نێوانیاندا گەرمتر دەبێت.
هەر دەقێکی هونەریی بە (شیعر)ەوەش، دوو ئاست پێشکێشدەکات.
یەکەم: ئاستی هەواڵبەخشی.
دووەم: ئاستی هێمابەخشی.
ئەوەی دووەمیان بە ناڕاستەوخۆ ڕووماڵی زمان دەکات، بەرگێك لە تەم و دیدە ناڕۆشنی پیشاندەدات. ئەو هێماگەراییە، شرۆڤە و شیکردنەوەی دەوێت، هەموو جارێك بە ئاسانی ناگەیتە ئەو ئامادەیەی بتوانیت کێدەکانی هێماکان بکەیتەوە، سیحری سیحربازەکە بەتاڵ بکەیت، بۆیە لە دەقی هێمابەخشی، خوێنەر هەندێکجار ڕەخنەگرانیش، دووچاری سەرئێشەی ناتێگەیشتن لە مانای هێماکانی ناو وێنە شیعرییەکان دەبن، بەڕێکجاریش هێدمە و بەدحاڵییبوون دەگاتە دڵخی بێزاریی و دەستهەڵگرتن لە گەڕان بەدوای مانابەخشین، فێدانی سەرتاپای دەقەکە.
زمان لە دەقی: (سەد و یەکشەوە)دا، بە هیچ کێڕجێك لەسەر شێوەی زمانی هەواڵ دانەڕێژراوە و هیچ ڕستەیەك خەبەر و هەواڵی لەگەڵ خۆی نەهێناوە، بەڵکو دەقێکی هێمابەخشی پێاوپێە لە سەراسیمە و سەرسوڕمان و تەمومژ و ڕەهەندی ئاڕاز ئاڕازی بە زەخرەفە هێما نەخشێندراون، خوێنەر بە سانایی ناگەنە مەرامیان بە دەستکەوتنی ماناکان، مەگەر خوێنەری مەشقکردوو و زیرەك و ڕاشنبیر نەبێت. وشەکان سادەن، ڕستەکان دیارن، بەڵام کە دەگاتە قۆناغی کامڵبوونی وێنەی شیعری، هێماکان دەبنە لەمپەر لەبەردەم ڕوونیی و دوودیوی وێنەکان و جارێك لە ناڕوونیی لە کردنەوەی کێدەکانی (هێما) قورسەکان دروستدەبێت.
ئەمەش خەسڵەت و بنەمای شیعری نوێخوازی و ڕەهەندە زمانەوانییەکانیەتی. (ئەدۆنیس) پێیوایە: (شیعر گەڕان و ڕاشتنێکی هەمیشەیی بەناو نادیاریدا)11. گەڕان و کەشفکردنی شیعری هێماگەر و پێ سەرسوڕمان و نیگەرانی، پێویستی بە پاشخان و گەنجینەیەك لە (خەون) هەیە تا سەفەری ناو زمان و بنیادی دەقێکی هەڵچنراو لە زمانی سەردەمیانە و جیهانبینی و تاڕاوانینی تژی لە ڕەمز و بەها پێشکەوتووەکانی خەونە هاوچەرخەکان بکەیت.
لەناو دەقی سەرکەوتوودا، زمان لە خۆیدا کردەی تێکدان و سەرلەنوێ

دروستکردنەوەی زمانەکەیەتی، دژینەوەی کانزای بە نرخ، گەانی دوورودرژی ناو خاك و خۆ و ژێر دەریاکانی پێویستە، بۆیە بۆ خوێنەری ئاسایی خوێندنەوەی ئەمجارە دەقانە ئەرکە و هەندێکجاریش قورسەون.
نموونەی ئەو وێنەشیعریانەی خوێنەری ئاسایی، یان هەنگبۆ زۆرك لە شاعیران و هەخنەگرانی ئاسایی نەتوانن هەرچی بکەن و چۆك لە ماناکانی بەدەستبهێنن، نموونە:

(زیندەوەرێك لەژێر زەوی هاتەدەر
هەوایەکی پاراوی هەمژی و بەچاو نزایەکی نواند
سوپاس بۆ بۆنی خۆشی پەهەسڵکە
نەیهێشت ئەستێرە تەماشای ئەو ئادەمییانە بکات
درێیان بەدەمیەوە کردووە) ل: 103

تۆ بەرانبەر تابلۆیەکی تەجریدی ئاسکاو بە چەندان هەنگی تۆخ و هەمای سەیر و هۆ و سکچی بەناویەکتربۆ وەستاوی، دەبێت ئەو (زیندەوەر)ە چی بێت لەژێر زەوی هاتووەتەدەر؟ باشە بۆنی خۆشی (پەهەسڵکە) چ پەیوەندی بەوانەوە هەیە، کە درێیان لەگەڵ (ئەستێرە)دا کردووە؟ ئەم هەموو پرسیارە ئاوەزانە، بۆ وەام لە مشکی خوێنەردا دەخولێنەوە، ناتوانن وێنەیەك خەیاڵ بکەن، کە لێی نزیك بن و لە مانا بەخشییەکەی تێبگەن.

(دشاد مەریوانی زەنگوێەیەکی بە دەرگای حەوشەوە کرد
لەسەر پشتی ئاسنکی سارد نووسی
هەبوو
نەبوو
هەیە و نییە
تابووت ژوورکی تاریکە
چاوم نوقاند و لە دڵی خامدا بۆ شونکی دوورم وانی
شونك بای پەڵە پرچی هەوری لەسەر دەموچاوی هەدایەوە
کۆگەی گەنم گەورەبوو) ل: 99

تەنیا ئەوانەی ئاگاداری چیرکی گرتن و زیندانیکردن و پاشان کپکوشتن و گۆڕغەریبی: (دشاد مەریوانی)ن، دەزانن ئەم چەند وێنەیە حەکایەتی لەناوچوون و قوربانیدانی شاعیرەکە دەگێڕتەوە، ئەویش لە کۆی مانای وێنەکان دەخوێندرێتەوە، ئەگینا گەنج و خوێنەرکی وەچەی ئەمۆ، کە شتێك لەبارەی سەرکردە نەتەوەییەکانمان نازانن، چۆن لەم دەقە بگەن. کاتێك ستە و پاشان وێنەکان هێندە تەجریدین زەین و

مشك ماندووەكەن، وەك ئەوەی لە بەرانبەر پارچەیەك لە (وشەی یەكتربڕ) دامابن و هەماكانیان پێ شیتەڵ نەكرێت.

لە بەرانبەر ئەمەشدا، خۆ دەبێت ئەوەی بیەوێت لە واقیعی شیعری نوێخواز حاڵیی بێت، ئەوەندەش زانیاری هەبێت. خوێندنەوەی ئەمجۆرە دەقانە، سەلیقە و وریایی و مەعریفەگەراییەكی سەرتاپایی دەوێت: (شیمس هینی) گوتوویەتی: (خۆ شیعر دەبێت هەندێك گرانی و تەمومژاویكردنی لەگەڵ بێت، خۆ شیعر خوێندنەوە ڕاڤەیشتنێك نییە لە بیابان، بەكو هەڵزنانە بەسەر لووتكە)12.
هەرگیز مەبەست لە دانانی (وشە) لە ڕستەی شیعریی، مانابەخشی و چێژ و گوزارشتكردن نییە، بەكو بەدوای ڕاستی و پەنهانەكان، لە سیمای گشتی شیعرەكانی شاعیری: (سەد و یەكشەوە)دا دەبیندرێت وەك شاعیرە سوریالیستەكان مامەڵەی هەزر و زمان و بنیادنانی شیعری هەڵچاوكردووە، فیكر و بابەتی گوزارشتەی ئازاد و زمانی قەتیس و كورتبڕی لە ڕستە و دەستگرتن بە زۆر بەكارنەهێنانی وشە، لادان لە كلتووری سواو و گوێنەدان بە بنەما و هەوشتە كۆمەڵایەتییە بۆ ماناكان و فۆڕمدانی پرسیار بۆ ناو فەزایەكی كراوەی فرە هەهەند و شیكاریی، بایەخدان بە ئازادییە فیكرییەكان و نوێخوازگەرایی لە زمان و مۆدێلكی نوێ لە داڕشتنی بنیادنانی چەمكی شیعریی و سەركێشیی لە خەیاڵ و هەڵهاكردن لە خەون و گەڵانكی بووچان بەدوای ڕاڤەی تازە بۆ شیعر و هەڵگەڕانەوە لەو كۆنە سیما سواوانەی نیو سەدەیە شیعری كوردی بە ناوی تازەگەرایی و هاوچەرخییەتی لە بنەمای هونەریی شیعردا گۆڕەپانەكەیان قڕخكردووە، ئەمەش لەخۆڕا ڕێچكە ناگرێت و چەكەرەش ناكات، بەرهەمیش بەدەستەوە نادات، ئەگەر چەند هەكارێكی دەروونی و ڕامیاری و كۆمەڵایەتی و ئایینی بۆ ناو ئەو سەركێشییەیان پەلكێش نەكردبێت. كاتی خۆی: (ئەندریە بریتۆن) دامەزرێنەری شیعری سوریالی لە ئەنجامی بێزاربوون لە هەموو شتێكی باوی جیهان، یاخی بوو، وەك مەڵكی دیل لە قەفەس بە دەست نائازادی و دیلی و كێشە كەڵەكەبووەكانی مرۆڤ، بۆیاریدا ئیرادەی بەهێزبكات و وزە و هێز لە سرووش وەربگرێت و دژی قڕخكاریی و لاساییكردنەوە و پووچییەكانی ناو مێشكی مرۆڤی كۆن بجەنگێت و قەفەس بشكێنێت، فیكری هەها و زمانی نوێ بپشكۆنێت، لە شیعری: (نەترسان) گوزارشتێكی زۆر نزیك لەم بڕچوونانەی، كە دەیەوێت وێنایان بكات، بە پاپشتی (زمان)ێكی نوێ شایستە بۆ نوێنەرایەتی بڕچوونەكانی و سەركەوتنی سەركێشییە پیرۆزەكەی، كە تا سەر ئێسك باوەی پێهێناوە و لە خوێنیدا هەیساوە:

(لەسەر یەك لە تەختەكانی باخچەی گشتی هەولێر
كەشكێی پڕغەمبەرانم بەجێهێشت
بێ ئەوەی وەرە و هێز و توانا بدەمە پیاوێكی دڕشكاو
لە زەوی هەق نەترسێت
چەمێك بێ بەخێوكردنی ماسی و مەلە ژایە بەرمایان و پرسی
دوژمنان ڕێیشتن
ئەدی برادەرانی من لەكوێن
ئەم پرسیارە كەمێكی تری ماوە) ل: 105

ئەم شیعرە وەك شیعرەكانی دیكەی، مانیفێستی خود ئاشكراكردنە، خودییەك ڕوو لە ئاسۆ و بەدوای ئاسۆ دەگەڕێت و لێشی نادیار نییە، لە هەر بارودۆخێكدا ئەگەر زمان ئامانجی كەشف و دۆزینەوەی بەرگی نوێ و كەناڵی نوێ و ڕایەڵی بە یەكەوە بەستنەوەی، داهێنانی هێنایە ئاكام، ئەو زمانە دەكەوێتە باری توندوتۆكردنی ڕەسەنایەتی و خۆجیاكردنەوەش لە (لاسایی)، زمانی شیعری: (سەباح ڕەنجدەر) هەم زمانێكی تەواو هاوچەرخ و ڕەگداكوتەرە، هەم زمانێكی تایبەتمەندە، كەسی دیكە لە شاعیران ناتوانن لەم زمانە دۆخگەڕە نزیكببنەوە. (زمان) بووەتە پردی بنیادنانی جیهانبینی تێفكرین بێ كلتوور و پیادەكردنی داهێنان و بەكارهێنانی میتۆدی نوێ بێ چالاكتركردنی هزر و هاوچەرخبوونی زمان.
مەبەست و ئامانجی شاعیر لەمەدا دەیەوێت ڕاڤەتی نوێی داهێنەرانە بێ گوزارشتكردن لە ناوەوەی زمانە خۆجییەكەیدا بدۆزێتەوە و نمایشی بكات، بەو مانایە نا، تەنیا جیاوازبێت لەگەڵ شاعیرانی دیكە، چونكە ئەوانەی ویستوویانە لەگەڵ هاوپێلەكانیان لە شیعردا جیاوازییەك بدۆزنەوە، جگە لە (زمان) دەبێت پڕۆژەی مەعریفەگەراییەكی هێندە دەوڵەمەندی هەبێت دەرگای گفتوگۆی بێ گۆینەوەی كلتووری جیاجیاكان كردبێتەوە، ئامادەش بێت لە شاعیرێكی: (ئاسایی) بگەڕێت بێ شاعیرێكی بە: (ئەزموون)، كە فشارەكانی سەری كاری لێنكەن و لە كێششی داهێناندا بەردەوام دەبێت. ئەوەی جێگای سەرنجمانە، (زمان) گرفتی سەرەكی خوێنەری كێشیعری: (سەد و یەكشەوە)یە، چونكە شاعیر لە ئەنجامی مەزراندنی وشە بێ جێگای شیاویدا، جۆرێك لە ناڕوونی لە مانای وێنەكان دروستدەبێت، هەورێكی سپی لە چەشنی تەمومژ بەسەر كەش و دۆخی (مانا)ی شیعرەكە كێدەبێتەوە، بەرجەستەكردنی وشە لە ستەدا هەرگیز لای شاعیر بە دەستی ئەنقەست و گەمەكردن و زەخرەفەكاری نەبووە، (بەڵكو گرینگی و ئەركی وشە لە شیعردا ئەوەیە بنیادی دەق پتەو و تێكمە بكات، بزاڤی مانا لە دەوری زماندا چالاك ببێت)13.

(جان کۆهێن) گوتوویەتی: (زمانی ئاسایی یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، کە پابەندە بە ئەزموونە دەرەکییەکانەوە، کەچی زمانی شیعر تەواو پێچەوانەیە، پشت بە ئەزموونە ناوەکییەکان (الباطنیة) دەبەستێت)14. بەو لێکدانەوەیەی (جان کۆهێن) بێت، زمان لە شیعردا مەملەکەتی تایبەتی خۆی هەیە، نوێنەری لە دەرەوە نییە و خۆی هەموو شتێکە و پرسیارگەلێکی نە پراکتیکانە و نە تیۆریزانەشە، دەبێت هۆشمەند بەدوای سیما واتاییەکانی بگەڕێت و هەوت بۆ تێگەیشتن بدۆزێتەوە.
شیعر: پەیوەندییەکی ناوەندی بە (زمان) هەیە، کە ئەمەیان ڕاستییەکە ناکرێ گومانی بخەینەسەر، بەڵام هەستیاری و ترسناکییەکەی زیاتر لە وروژاندنی (خەیاڵ)دا شاردراوەتەوە.

ئەنجام:

1- لە کۆشیعری (سەد و یەکشەوە)دا سێ میتافۆر لە خەیاڵگەرایی شاعیردا خەمڵێنراون:
أ- نموونەی خەیاڵێکی مەعریفی و لۆژیکی.
ب- نموونەی خەیاڵێکی تێڕامانەوی و خەونبین.
ج- نموونەی تێکەڵاوبوونێکی هەردوو نموونەی سەرەوە، کاتێك تێڕوانینێك لە قووڵایی واقیعبینیدا هەڵدەهێنجێت.
2- (خەیاڵ) لای شاعیر تەنیا توخمێکی بنچینەیی پێکهاتەی شیعر نییە، (هەوڵێن)ی سەرەکی دروستبوونی شیعرەکانیەتی، بۆ خەیاڵکردن لەناو کایەی شیعر دوورنەکەوتووەتەوە، ئەم حاڵەتە دەگمەنە لەناو شیعری نوێخوازی کوردیمان، کە شاعیرێك هێندە خەیاڵاوی تا ئەو سنوورەی خەیاڵی بووبێتە (هەما)ی شیعرنووسینی و هەماکانیش هەڵگری شیکردنەوەی ماناگەلێکی فراوان و هەمەچەشنی قووڵایی (ئاماژە)ی فرەجەمسەرن.
3- زمانی لەپێناو فراوانکردنی کایەی خەیاڵەکانی بە جۆرێك بەکارهێناوە، وەك دووانەیەکی میتافیزیکی شانیان داوەتە شانی یەك بۆ سەرکەوتنی بنیادی دەق لە فەزای ناهۆشیاریی و ناهەستییدا، تا ئەوپەڕی سنووری کامڵبوونێکی پێ لە واتا و سەرسامیی و جوانیی.
4- پانتایی (خەیاڵ) هاوتەریب بووە لەگەڵ هێزی (زمان) بۆ کاراکردن و هەمەجۆرکردنی ڕایەڵ و هۆهێندەکانیان، بەدێنیاییەوە دەتوانم بڵێم: ئەم کۆشیعرە سەراسیمای خەیاڵی هێندە دەوڵەمەندە، لە ئەدەبی کوردیمان نموونەی شیعرێکی نوێخوازی زیندووە، دەکرێت توێژینەوە و باس و خواسی زۆرتری لەبارەوە بکرێت، هەروەها کرانەوەیەکی هەسەنە بەسەر زمانی نوێگەریدا.

کانوونی دووەمی 2020 هەولێر

پەراوێزەکان:

1- جراف طولي، (أهمية التخيل في الحياة)، ڕۆژنامەی مەککە، ژی 18/ یەنایەری/ 2018، ل.10
2- هەمان سەرچاوە.
3- محمد أبو زيد، ڕۆژنامەی (الشرق الأوسط)، ژ 14841، لە 17/ یۆلیۆ/.2019
4- بومالي حنان، (عبدالوهاب البياتي و تجليات الحداثة الشعرية)، ل14، ط1.
5- غاستون باشلار (جماليات المكان) وەرگێڕانی غالب هلسا، خانەی الجاحظ بۆ بڵاوکردنەوە، بەغدا 1980، ل.136
6- د. شاكر عبدالحميد، (الخيال من الكهف الى الواقع الأفتراضي)، عالم المعرفة، الكويت، ل.182
7- خيري منصور، (محمود درويش عودة الشعر الضال)، منبر ثقافي عربي، ڕۆژی 15/9/2019.
8- خزعل الماجدي، (العقل الشعري)، النالیا للدراسات والنشر، ل.377
9- د. شاكر عبدالحميد، (الخيال من الكهف الى الواقع الأفتراضي)، عالم المعرفة، الكويت، ل .182
10- خيري منصور، (محمود درويش عودة الشعر الضال)، منبر ثقافي عربي، سایتی ئەلیکترۆنی www.alaraby.co.uk، ڕۆژی 15/9/2019.
11- سامي مهدي، أفق الحداثة وحداثة النمط، بغداد، ل.166
12- شاكر لعيبي، الشعر عند شيموس هيني، مجلة بين النهرين، العدد 124، ص.57
13- د. عبدالواحد لؤلؤة، (البحث عن معنى) دراسات نقدية، المؤسسة العربية، بيروت، ص.112
14- رشيد أمديون، (شعرية السؤال ودلالاته)، سایتی ئەلیکترۆنی www.alquds.co.uk، ڕۆژی 25/8/2019.

سەرچاوەکان:

1- دیوانی سەباح ھەنجەر، بەرگی دووەم، ساڵی 2018، چاپخانەی تاران، تاران.
2- غاستون باشلار (جماليات المكان) وەرگێڕانی غالب هلسا، خانەی الجاحظ بۆ بڵاوکردنەوە، بەغدا 1980.
3- خزعل الماجدي، (العقل الشعري)، النالیا للدراسات والنشر،

سورية.
4- د. شاكر عبدالحميد، (الخيال من الكهف الى الواقع الأفتراضي)، عالم المعرفة، الكويت.
5- جراف طولي، (أهمية التخيل في الحياة)، جريدة مكة.
6- محمد أبو زيد، جريدة (الشرق الأوسط)، عدد 14841.
7- بومالي حنان، (عبدالوهاب البياتي و تجليات الحداثة الشعرية).
8- خيري منصور، (محمود درويش عودة الشعر الضال)، منبر ثقافي عربي، الموقع الإلكتروني www.alaraby.co.uk
9- سامي مهدي، أفق الحداثة وحداثة النمط، بغداد، ط1.
10- شاكر لعيبي، الشعر عند شيموس هيني، مجلة بين النهرين، العدد 124.
11- د. عبدالواحد لؤلؤة، (البحث عن معنى) دراسات نقدية، المؤسسة العربية، بيروت.
12- رشيد أمديون، (شعرية السؤال ودلالاته)، الموقع الإلكتروني www.alquds.co.uk

---

ئیستاتیکای شۆڕ لە شیعرەکانی (سەران محەمەد)دا.. هەژار بەکر

شیعرەکانی سەران محەمەد لە فەزای داهێنانی شیعردا بەرەو ئاراستەی هەسارەی نوخبەی شیعر دەجوڵێن ، کەمتر ڕەخنەگران خەیان لە قەڕەی ئەمجارە دەقانە داوە، بە تایبەتی کە ئەم ستایلە لە شیعردا زیاتر گرنگی بە تەکنیك و هونەرکاریی جیاواز دەدات نەکو گوتاری عاتیفی، هەروەها فرە ڕەهەندیی و قووڵی مانا تێیاندا لە سیما ئەرێنییە دیارەکانییەتی، ئەمەش هەستێکی باڵای تیا چە دەبەتوە بە ئاوەدانەوە لە بنەماو بیردۆزەکانی فەرمالیستەکان لە شیعردا.
وەای ئەمەش هەندێك لە ڕەخنەگران بیروبۆچوون و لێکدانەوەی خەیان سەبارەت ئەم ستایلە لە شیعردا خستووەتەوو ، وەك ڕەخنەگر/ نەجات حەمید ئەحمەد وای دەبینێت کە:
" ئەوەی لەم شیعرانەدا گرنگییەکی زۆری هەیە گەڕانەکانی شاعیرە بە دنیای جوانکاریی زمان و مانادا، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ئەستا شاعیر لەسەر یەك ڕەچکەی داستنی شۆڕو مانادا جێگیر بووە. چونکە

ئەو لە گۆرانکی بەردەوام و لەسەرخۆدایە بە دەزینەوەی شێوەیەك لە داشتنی جیاواز بە مانا، بەڵام ئەو سیفەتە زمانەوانییەی کە زاڵە لە نێو شیعرکانیدا جوانکاریی زمانەوانییە، لە چوارچێوەی شێوەیکی جیاواز لە شیعردا، کە ئەمش خەسڵەتکی دیاری ناو شیعرکانییەتی."(١)
لەکاتکدا شاعیرو ڕەخنەگر/ د. ئەحمەدی مەلا سەبارەت دنیابینی و ستایڵی شاعیر دەنووسێت: "سەران تەنها نییە، لەگەڵ کەسەرتی دەنگە شیعرییە جیهانییەکاندا لە ئاووەردایە، ئەوان لەسەر ژێی دەنگی خۆی زیندوو دەکاتەوە بە ئاوەی بەڵ: دنیا هەشتا سەلامەتە."(٢)

لەگەڵ هاتنی ساڵی نوێی زایینیدا و لە لایەن (ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی ٤٩ کتێب) لە وەاتی سوید چاپکی قەشەنگی کتێبە شیعریی (پیاوەك لە شەختە) ی شاعیر سەران محەمەد کەوتە بەردیدی خوێنەرانی شیعرو کەوتە سەر ڕەفەی کتێبخانەکان. ئەم هەوڵە شیعریانە دەشێت ڕووبکی ڕەسەن و گەش بدەنە شیعری کوردی سەردەم و وەك نموونە وەربگیرێن بە گۆرانەوەی متمانە بە بەهاو چەمکە جیاوازەکانی شیعری نوێی کوردی، بە هەی ڕەچاوکردنی بنەما هونەرییەکانی زمان و تەکنیکە جیاوازە شیعرییەکانی ناویانەوە کە مانا لە ئاستکی باڵادا جوانکاری بە شێوە دەبەخشێت، ئەمش زەمینەیکی بە پیت دەڕەخسێنێت بە چژوبەرگرتن لە لایەن چینی نوخبەی خوێنەرانی شیعرەوە.
٩٧٨-٩١-٨٩٤٣٩-٣٠-٦ ژمارەی سپاردنی جیهانی ئەم کتێبەیو ناوەڕۆکی کتێبەکە لە ٤٠ شیعری کوردی و ٤٠ شیعری ئینگلیزی پکهاتوون، لەگەڵ دوو پێشکی وردو بایەخداردا، شیعرکان چەند نموونەیکن لە هەوڵکانی شاعیر کە لە سێ دەیەی ڕابردوودا نووسیونی.
شایانی باسە ئەم هەوڵانەی شاعیر لە ستایدا ناچنەوە سەر ڕچەی هیچ شاعیرکی تر، ئەمش زیاتر ئیعتیبارو ڕەسەنایەتی بەدەقکان دەبەخشێت.
بە هەموو ئەوانەی شەیدای خوێندنەوەی ئەم هەوڵە شیعرییەن ئەوا لەم پگەیدا خوێنەران دەتوانن لەسەرانسەری جیهاندا داوای نوسخە بکەن و کتێبخانەکانیانی پ بازێننەوە:
www.49pulsbooks.com

هەژار بەکر

.....

١- ئەزموونکی جیاوازی شیعر، سەران محەمەد، لاپەڕە ١٨٠ ، چاپی یەکەم، ٢٠١٨.

٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٨٤ .

گۆڤاری نما ژمارە ٥٣

گۆڤارێکی فیکری و ئەدەبی وەرزییە لە هەولێر دەردەچێت... ژمارە 53

بۆ خوێندنەوەی ئەم گۆڤارە کلیکی ئێرە بکەن..

Nma53Download

کۆنگرەی 20 ی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی.. عەلی مەحمود محەمەد

ساڵانە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی کۆنگرەی خۆی دەبەستێت لە نێوان نیوەی دووەمی مانگی نۆڤەمبەر بۆ نیوەی یەکەمی مانگی دیسەمبەر لە شاری لاهای هۆڵەندا، پێنج ساڵ جارێکیش لە بارەگای نێودەوڵەتگرتووەکان لە شاری نیویۆرکی ئەمریکا کۆنگرەکە بەناوبانگ دەچێت، بۆ بڕیاری ولاتانی ئەندام کە ئێستا ژمارەیان 123 ولاتە و وڵاتانی نا ئەندام وەك چاودێر وە ڕێکخراوە جیهانییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، ئەمساڵ من بە 17 ەمین ساڵ بڕیاری کۆنگرەکەم کرد، پێشتر ساڵانە ژمارەیەك باش لە ڕێکخراوەکان و پارێزەرو قوربانی و چالاکوانانیش لە کوردستانەوە بڕیاریان دەکردو ئەوانەی کاریان لە گۆڕمان بۆ دەسیەکە کردووە، لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەی پێشتر دابوم و متمانەمان پێیدا کردبوو وە بە ئامانەتکی پیرۆزیشەوە تا ئێستا جێبەجمان ، ساڵانە لسەر ئەرکی خۆمان سمینیشمان لەراوێزی کۆنگرەکە ، کوردی ئین کوردی کوردی کوردی کوردکە ئێستەش لایەنی دیکە کاری وایان کردبێت، کە سەرکەوت

عەلی و بەڕێز متە رەبی سەرکییان لە ئامادەکردن و ڕێکخستنی دەگەڵا، وەلە دوو ساڵە لە هەموو جیهان چەند کەسکی زۆر کەمین بەشداری دەکەین و چالاکیکانیش نەماون بەهەی ڤایرسی کۆرناوە.
ئۆرکی کۆنگرەکان بریتییە لە پەسەندکردنی بودجە، پەکردنەوەی بەشاییەکان لە ڕێگای هەڵبژاردن، گوێگرتن لە وتاری وەاتان بە ئەندام و چاودێرەوە، وتاری ڕێکخراوە جیهانییەکان و کەمەڵگای مەدەنی، پەداچوونەوەو هەڵسەنگاندن و پێشنیاری وەاتان.

ئەوەی شایانی باسە شوێنی وەاتانی "عێراق، ئێران، سوریا، تورکیا" ساڵانە چەڵە، تەنانەت وەك چاودێریش بەشداری ناکەن، بەهەی ئەندام نەبوونیان لە دادگاکەو گرنگینەدان پێی لە لایەن ئەو وەاتانەوە، ئەمەش یەکەکە لە نەگبەتییەکانمان، ئەندام نەبوونی ئەوان لەو دادگایەو پابەند نەبوونیان پەوەی مایەی ماوەرانی گەلەکەمان و هاووەاتیانی ئەو وەاتانیە.
ئەمساڵ لە ڕۆژی دووشەممە ڕەکەوتی 2021/06/12 خولی بیستەمی وڵاتانی ئەندام ASP20 دەستی پەکرد، کۆنگرەکە بە ڕاوەستانی دەقیەك بە گیانی قوربانیانی تاوانەکانی تاوانە مەزنە نەودەوەتییەکان "جینەسایدو تاوانی جەنگ، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی عدوان" دەستی پەکرد.
سەرەکی دادگا "القاچی Piotr Hofmański،" پەنەندا 6-3-1954 "، سەرەکی کەمەڵەی وڵاتانی ئەندام 2021-2023" ، سعادە السیدە سیلفیا فرناندیز دی غورمندی "" ئەرجەنتین 24-10-1954 "و داواکاری کحمر" "30-3-1970 ئەدنەبەرە -بەریتانیا" هەرسەکیان وەك ئەم پەستانیان بە یەکەمجار بوو بەشداری کۆنگرەکە بکەن، ئەمان و سەرەکی سندوقی هوکاری قوربانیان و دارایی وتاری خەیان و کارەکانی ساڵی رابردووی دادگا و هەڵبژاردنەکانی نەوان هەردوو کۆنگرە کە هەڵبژاردنی داواکاری گشتی و شەش قازیان پەشکەش کرد .
سەرەکی دادگا لە میانی وتارەکەیدا وتی: دادگا لەسەر ڕێگای راست و لە هەموو. أمساڵ 2 دادگایمان هبوو ، ساڵی داهاتوو ژمارەکە دەبەتە 4 بە 5 دادگایی.

هەرچی کەریم خان داواکاری گشتی دادگایە وتی: ناتوانین ڕێگا بە دەرباز بوون لە سزا بدەین لە سەدەی 21 دا.
دەماوەت لە کەمەڵگاکانی زەرەمەند لە تاوانە زۆقەکان نزیك بینەوە ، ئەمە نامانەوەت سستەمی سیاسی بگۆڕین ، دەماوەت لەکەڵینەوەی سەربەخۆ بکۆڵینونز لە.
هەرچەندە ڕەخنە هاتە سەر کەریم خان ی داواکاری گشتی دادگای

تاوانی نەوەوەتی بەهەی ئەوەی داوای لە دادوەرکان کردووە پشکنین لە تاوانکانی داعش و تالیبان بکرێت لە ئەفغانستان، لە رێکخراوکان رەخنەیان هەیە لەوەی نابێت بەسەر ئەمریکادا باز بدرێت کە تاوانی ئەنجامداوە لە ئەفغانستان، پێشتر بنسەدا ئەمریکاو تالیبانی لەیەك ریزدا تەماتبار کردبوو بە ئەنجامدانی تاوان.

سەرکی سندوقی قوربانیانیش لە بەشکی راپەرتکەیدا وتی: چوار کەیسی قەرەبووەمان ئەنجامداوە، لە کەیسی جیرمان کاتانغا بەتاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ 12 ساڵ سزا دراوەو 297 قوربانی، هەریەکەی بە 250 دۆلار قەرەبووکراونەتەوە، لە ساڵانی 2017 و 2018، بەیار وایە لە ساڵی 2022 قەرەبوو کردنەوە دەست پێ بکاتەوە، لە کەیسی تەماس لەبانغا لە کۆنگۆی دیموکراتی بە 14 ساڵ زیندانی بە تاوانی چەکدارکردنی منداڵان سزا دراوە، بەیار وایە 1095 کەس قەرەبوو بکرێنەوە، لە کەیسی ئەحمەد فەقی مەهدی تاوانبار بووەران کردنی شوێنە مێژوییەکان وەك تاوانی جەنگ، 795 قوربانی هەیە لە باماکەی مالی و بەیار وایە قەرەبوو بکرێنەوە، لە کەیسی نتغاندا "ژێنرالی شەڕ لە کۆنگۆی دیموکراتی بە 30 ساڵ زیندانی حوکم دراوە لە لە 7-11-2019 بە ئبانەنجامدانی 18 تاوانی "یەورین قری 18 تاوانی"

دەوترێت داواکاری قوربانیان لە جۆرگۆی کارکانی دادگا دابنرێن و قەرەبوو بکرێنەوە ، بڵام هاوکاریکانی ولاتان بە ، بلام هاوکاریکانی ولاتان بە ، بلام هاوکاریکانی ولاتان ، بلام هاوکاریکانی ولاتان.

لە بەشی دارایی لە راپەرتی خۆی باسی ئەو قەیرانەی کرد کە دادگا تووشی هاتووە لە ئەم ساڵدا بەهەی پابەند نەبوونی هەندە ولات بە ئابوونەوە، ئەو وڵاتانەش بریتین لە "کەماری ئەفریقیای ناوەڕاست، جزر قەمەر، کۆنگۆ، غینیا، سورینام، زمبیا، فەنزوێلا، لیبریا و ئەنتیغواو باربدا ".

بەیە ناچار بوونە لە ناوەڕاستی ئەم بأمساڵەوە پارەی بودجەی ساڵی 2022 خرج بکەن، بە پێی زانیاریکان گەیشتە 60 ملیۆن ئیرۆ.

دادگا بەهەی گەڕانی داواکاری گشتی و نوێکردنەوەی ستافی بیرۆکەی و زیادبوونی ژمارەی دادگاییکانی لە دوو دادگاییکردنەوە بە چوار، داوای بودجەی زیاتری کرد بە ساڵی 2022 کە بڕەکەی 162564900 ئیرۆیە، وڵلە لە کەتادا بە ساڵی 2022 بڕی 154855000 ئیرۆ پێسەند کرا، کە 4،4٪ ی زیاترە لە بودجەی ساڵی 2021، کە بە بەوای چاودێرانی کارکانی دادگا لە رێکخراوە گەورەکانی جیهان ئەم بڕە پارەیە لە گەڵ ویستی دادگا بە ساڵی داهاتوو نایاتەوە.

کورتەنانی بودجە وا دەکات قوربانیان نەگەن بە دادپروەری، نەتوانرێت پرسەی لێکۆڵینەوەی بڕایی و دادگایی بە پێی داواکاریەکان و گەبانامنج بە ئەنجام.
مکانیان.
بودجەی دادگا ئەوەندیەو کەچی تەنها لە ساڵی 2015 دا وەتان 14 تریلیۆن دۆلاریان لە جەنگدا خەرجووە !!!، دادپروەری دوای جەنگکانیش بەوەندە ناگەنتەوە.
هاوکات ئەمسا 26 وەات قسەی خەیان کرد، وەڵای رەکخراوە نەودەوەتییەکان و مەدەنییەکان.
ولاتان لە قسکانیان کەمەك بابەتی گرنگ و داواکاری گرنگیان هەنایە بەر باس، کە گرنگترینیان بریتی بوون لە: "تاوانی ژینگەیی وەك تاوانی نەونەتاوەیی بناسرەت، دادگا ببەتە جیهانی، پشکنینەکانی تاوان جیهانی بەت، بجیهانیکردنی ئیختساسی دادگا، تاوانی سیبریانی بە توانی نەونەتاوەیی بزانرەت لە پاە تاوانی جینەسایدو و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی عدوان، برسی کردنی بە ئەنقەست وك تاوانی جەنگ بناسرەت ئەگەر لە جەنگی ولاتانیش نەبەت، پەویستی جیهانی بە یاسای بنەڕەتی ڕەما، قوربانیان ئەمەیان هانداوە بە دادگایەکی جیهانی، تایبەت هەڕەشەیە بە سەر مرۆڤایەتی، کەیسی سوریا پەویستە بدرێتە دادگا ، دادپروەری و لێپرسینەوە بە قوربانیانی ڕەهنغا ، دادا ولاتان هوکاری دادگا بکەن بە گرتنی تاوانباران ، سستەمکی دادپروەری جهانی ، هاوکاری جیهان ب دگاریهانبرسی کردنی خەڵی سڤیل تاوانی جەنگ بەهی ئابلووقەوە، ئای سی سی بە وینە بووە لە مەژووی مرۆڤایەتی، دادپروەری بە خەڵایی نایەت، هەوە و ئیرادەو دادپروەری دەوی، قوربانیان دەبەت بگەن بە دادپروەری، پەویستە دادگا بپەڕەتەوە بە دەرەوەی ئەفریقا، دادگا لەسەردەمی کەرەنا پەویستترە، نابەت برسیکردن وەك چەك لە شەڕدا بکار بهێنرەت، وەاتانی نا ئەندام هاوکاری دادگا بکەن، دادگایەکی جیهانی شەفاف و سەربەخۆ و بەلایەنی جیهانی، هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی بڕامبەر بە لێپرسینەوە لە تاوانکان، پشتیوانی سیاسی و دیبلەماسی و دارایی بە دادگا، دادپروەری لە دوای ڕکەوتنی شەڕ پەویستییە، عەلی قوش تاوانباری سودانی دوای بیست ساە دەتە بەردەم دادگا، یەکسانی جەندەری و ڕەشنبیری یەکسانی شوەنی کار "کەبەندی نەوەی یەکسانی لە 30 یەنی بە 2 ی یەلی 2021 لە شاری پاریس بەسترا، داگای تاوانکان بەشداری تەدا کردو بەیاری جەبەجەکردنی دا، ئەوەبوو ئەمسا کە 6 قازی هەبژارد،سێ ژن و سێ پیاو بوون، هاوکات ژن و پیاوەکی لە کەنگرە وەك جگیری داواکاری گشتی هەبژارد ، وەك

پابەند بوون بە یەکسانی جەندەری لە بواری کاردا ".
پێشبینی دەکرێت لە داهاتوودا دادگا لە هەمواری بنەماکانی خۆیدا، شوێنی دیاریردنی شێوەی سیبریانی وەك تاوانی نوونتوێیی بکاتەوە و وە بکار هێنانی ئابلوقەی ئابووری لە جەنگ و ململانێی ناوخۆییەکان وەك تاوانی جەنگ بناسێت و لە پاڵ ناسینی تاوانی ژینگەیی وەك تاوانی جەنگ.

لیخشتاین و ئیتاڵیاو فەرەنساو …… باسی هەمووارى یاساى ولاتى خۆیانیان کرد، بە پێى هەموارەکانى رێکەوتنى کەمبالا لە هاوینى 2010 کە تیایدا پێسەندى هەمووارى تاوانى عەدوان وەك تاوانى نوونتوێیى و و تاوانى بکارهێنانى چەکى کیمیاوى و بایۆلۆجى لە شێوەى ناوخۆیى وەك تاوانى جەنگ هاتووە.
لە رێژى کۆتایى، بە زیاتر لە 62 دەنگ لە کۆى 123 وڵاتى ئەندامى دادگاى تاوانى نێودەوڵەتى، دوو جێگیرى داواکارى گشتى هەڵبژێردران، جگە لە کەمارى ئەفریقیاى ناوەڕاست کە داواى کرد بڕشدارى بکات لە دەنگدان، ئەو ولاتانەى دیکە کە ئابوونەى بڕشداریان نەدابوو مافى دەنگدانیان نەبوو، کە هەشت وڵات ئابوونەیان نەداوەو مافى دەنگنامیان لە هەڵبژ اردنەکانى دادا لە سەندراوەتەوە، ئەو ولاتانەش بریتین لە "کەمارى ئەفریقیاى ناوەڕاست، جزرەمێر، غاردنى ، لاست ، جزرەمارى ، کمارى ئەفریقیاى ناوەڕاست ، جزر مەیین ، لیتنز.
ئەو دوو کەسەى وەك جێگیرى داواکارى گشتى هەڵبژاردرێن بە ماوەى 9 ساڵ بریتین لە خاتوو نزه شامین خان لە فیجى ، وە بەڕێز مامى ماندیاى نانغى لە سیگال کە هەردوکین بان.
ئەوەى شایانى ئاماژەیە لە هەڵبژاردنەکانى دادگا پیچشتر دوو شت رەچاو دەکرا ئەویش کەسى هەڵبژێردراو دەبوایە هاوولاتى ولاتێکى ئەندامى دادگا بێت و وە نا بێت دوو کەس وەك نوێنەرى هیچ ولاتێك بە هیچ پێستێك هەڵبژێردرێت، ئەستا خاڵێکى دیکەشى بە زیادکراوە، ئەو پێستانەى لە کەسێك زیاترى بە هەڵدەبژێردرێت پێویستە یەکسانى جەندەرى لە کاردای تێدا جێبەجێبکرێت.
السید الشیخ محمد بلال (بنغلادیش) ، والسید کیلی (أیرلندا) ، والسید أندریس بارماس (إستونیا) ، والسیدة. مینیرفا جوزیفینا تارافیز میرابال (جمهوریة الدومینیکان) والسید إبراهیم سوریلاه (سیرالیون). ".
تەنها لە سەدەى بیست نزیك بە 200 ملیۆن مرۆڤ گیانیان بەختکردووە بەهۆى ململانێ و کەمێکوژى سەرکوت و قاسابخانەکانەوە، کە دەکاتە 1 لەسەر 27 ى مردنەکانى جیهان، بێیە بوونى دادگایەکى جیهانى

هیوایەکی مەزوبیە بە کەتایی هەنان بە کەمەکوزیبەکان، لەو نەوەدا گەلەکەمان پشکی شەری بەردەکەوت لە ژمارەی کەیسی تاوانە مەزنەکان و ژمارەی قوربانیبەکانی.

وەلە راستە زەرینەی وەاتان 123 ولات ئەندامی دادگان المحکمە الجنائیە الدولیە، بەڵام زەرترین ژمارەی دانیشتووانی جیهان و وەاتە بەهەزەکانی جیهان هەشتا لەدەرەوەی دادگان بە تایبەت "ئەمەریکا، روسیا، چین، هیندستان" و بەیە خەونی دادگایەکی جیهانی کاریگەر هەشتا دوورە، بەڵام هەوەدان بەی بەردەوامە.
لە هەمووشی ناخەشتر ئەو ولاتانەی کوردستانیان داگیر کردووە ئەندامی دادگاکە نین، سەرکوتکردنی گەلەکەمان هەکارەکە بە ئەندم نەبوونیان لە دادگاکە بە ئەوەی دەستیان کراوە بەت لە سەرکوتکرنیدا، بەیە تا نەبنە ئەندام دەنەوایی دوبارە نەبونەوەی جینەساید نییە.

فلاشبـــــــــاک-27- لە دەفتەری بیرەوەریی رەژانەوە.. ستیڤان شەمزینی

ستیڤان شەمزینی
بەشی بیست و حەوت

هەناسەم سوار بووە، ناتوانم بە پەی پەویست لەم ژینگە پیسەدا هەناسەیەکی ئازاد هەەمژم. ئەمە واتای ئەوە نییە تەندروستیم خراپە، نەخەر گیروگرفتی فەسەجیم نییە، تەنیا ئەوەندە نەبە ئەو رەحە یاخییەم لەهەر چوار لاوە لەلایەن سیخوەکانەوە گەمارە دراوە. هاوەیەکمان لە "یەکەتی خوەندکاران و لاوانی ئازاد" لە ئاسایش دەستگیر کرابوو. پرسیاریان لەکردبوو کە بەرپرسی سلەمانییە لە رەکخراوەکەتان؟ ئەو هاوەیەش ناوی منی هەنا بوو، چوونکە من جەگری سکرتەر و بەرپرسی لقی سلەمانی یەکەتی خوەندکارانم. ئەفسەرەکەش سەرکی بادابوو، وتبووی کە بە من بەە ئەو سەرەی سەری خەی نییە، رەژە وەک تەماتە بەی ئەفلیقەنینەوە بە فیشەک.

دەزگای ئاسایش کە دەزگایەکی "ئانکیزیسیۆن"یە و کاری پشکنینی بیروباوەڕی خەڵکە کە ئەو زاراوەش لە سەدەکانی ناوەڕاستە بۆ دادگاکانی پشکنینی بیروباوەڕ داتاشرا کە لقێکی سەرکیی کۆنیسەی کاسۆلیکی بوو. لەشکرێک سیخوڕیان خستەتە کار بۆ چاودێریی بیروباوەڕی خەڵک. من هیچ کێشەم نییە، رای خۆم بە دەنگێکی دڵێر بۆ هەموو کەس رادەگەیەنم، نەک بە شەرم و لەژێر لەوەوە قەناعەتکانی خۆم بەڵێم. ئەبێ ئەوان شەرم بکەن لە ئەجیندای رەشیان بۆ کەمەگۆ نەک ئێمە کە خەونێکی جوانین و لە دەیجووری وەاتدا وەک گووڵک رسکاوین.
وەنەبێ زۆر خۆشویست بم لە حزبەکەی خۆشمدا، چوونکە لەسەر هەموو شتێ قسەی خۆم هەیە، رای تایبەتی خۆم هەیە و تووتی نیم. بە وێنە پڕار لەسەر "فەریدون حسەن زادە" کردم بەو رۆژەی قەڕەویسی تیا کوژرا، چوونکە "ئاسۆ کەمال"ی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی لەسەر ئەوە لەپرسینەوەی لەگەڵ ئەکرد کتێبی "ئێم بۆقە کەی دەتۆقە"ی کاک "عەبدوڵا مهتەدی" ئەخوەندەوە. ئێمە هەر لە ڕووتاری فاشیستکان ئەچێ!! چۆن دەکرێ کۆمۆنیست بیت لە کتێب بترسی؟ ستالینستەکان لە کتێب ئەترسان و چەندان شاعیری وەک "پاسترناک"یان لە رووسیا دەربەدەر کرد. فرانکۆ و فاشیستەکان لە کتێب ئەترسان کە شاعیرێکی وەک "لۆرکا"یان گوللەباران کرد. نازی و هیتلەر لە کتێب ئەترسان. ترس لە کتێبی نەریتی دەسەڵات و گروپێ فاشیست و تۆتالیتارەکانە.
هەر ئێمەش بوو لەکاتی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی خوێندکاران و لاوان، حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و خودی "تاهیر حەسەن" بە ئەندامانیان وتبوو دەنگ نەدەن بە من، تەنانەت تەماتی ئەوەشیان دابووە پاڵم لەگەڵ "مەلا بەختیار" پەیوەندیی ژەراوژەرم هەیە. کەچی خۆشبەختانە بە خواستی ئەوان نەبوو، من دەنگی یەکەمم هێنا، هەرچەند بەزۆر "پشتیوان"ی برای "ڕەبوار ئەحمەد"ی سکرتێری حزبیان سڕپاند وەک سکرتێری ڕێکخراو و منیش بە دیفاکتۆ بە جێگر و بەرپرسی لقی سلێمانی رازی بووم. لەگەڵ ئەوەش من دڵیان گەنجم کەکردەتەوە بە ئەوەی ئەندامی حزبی کۆمۆنیست بن، بەڵام چالاکانە بە یەکێتی خوێندکاران کار ئەکەن، ئێمەش بە یەکی ئایار دوو سەد گەنجمان کەکردەتەوە بە ئەنجامدانی ماراسۆنێک لە تاسوجەوە تا بەردەم بارەگای ڕێکخراو.
کاتێ هاوڕێکمان بەناوی "فەلاح" لەلایەن خودی "کاردۆ محەمەد"ی سکرتێری "ڕێکخراوی ئازادی لاوان"ی سەر بە کۆسرەت ڕەسوڵ بە مستەدمانچێ لێدرابوو، کە چووە سەر بارەگای کاردۆ و داوای لێبوردنی پێکرد؟ ئەوە منم خۆم لەناو ئەو گەنجانە ئەبینمەوە، نەک پشتیوان کە وەک فەرمانبەر دەتە بارەگا. ئەوە منم کە لەناو خەڵ و خاشاکی

گەڵکە میللییەکانی شاردا لەگەڵ ئەو گەنجانە دائینیشم و قسەیان بۆ ئەکەم. چیرۆکی زۆرم هەیە بۆ باسکردن، مارکیز وتەنی "من بۆیە کەمکی چیرۆک و حکایەتکان ناتوانم باسی دونیا بکەم". راستە ئەم حکایەتانە رەنگە جگە لە خەم هیچ کەسی تر نەبینن، بەڵام بۆ بیست ساڵی تر ئەگەر نەمردین، جارێکی تر ئەمانەی خەمی پۆ هەڵدەسەنگێنم. دووریش نییە بۆ پێکەنینێکی گریاناویەوە ئەم لاپەڕانە هەڵدەمەوە.

29-4-2000

تێبینی: ئەم بڕگانە لە لاپەڕە 91-95 کتێبی "فلاشباک"چاپ و بڵاوکراوەتەوە. کتێبەکەش لە سەرەتای ساڵی 2017 چاپ بووە

هەزار حەمە بولبوڵکی خۆشخوان لە گوڵزاری شیعری گۆرانییدا.. کاروان حەسەن

شیعری گۆرانی یەکێکە لە جۆرەکانی شیعری کوردی و هاوشانی شیعری دێداری و شیعری فۆرکردن و هتد..
ئەم جۆرە شیعرە زمانی وێژدانێ و شان بڕشانی گۆرانی هەیشتووە، دیارە گۆرانی لەلای هەموو نەتەوەیەک باوە و کەس لەی بەبڕش نییە، شیعری گۆرانی واتا ئەو شیعرەی بۆ گۆرانی هەڵدەبژێردرێت و ئەگەرچی خەی هونەرمەندەکە دەت و شیعرەکە هەڵدەبژێرێت، ئەوە ناگەیەنێ کە شاعیر بەت شیعر بۆ گۆرانی بەت بەڵکو ئەوە هونەرمەندە شیعرەکە هەڵدەبژێرێت و دەیکات بۆ گۆرانی، زۆرتر شیعری لیریک ئاوازیان بۆ دادەنرێت و دەکرێن بۆ گۆرانی بەکاردێن و بۆئاسانی و بۆجوانی و خۆشتر ئەچنە دەڕوە و جۆرێک لە ئاواز و مۆسیقی و ڕیتمی ناوەوە و دەڕوەی هەندە چۆڕبەخشە زیاتر بۆ گۆرانی دەبە و لەبارتر و جوانترە بۆ وتن. واتا جۆرێک لەشیعر هەیە و هونەرمەند هەیدەبژێرە و جۆرێک لە ئاوازی بۆ دادەنێ و دەیچڕێ.
هەزارحەمە یەکێکە لەو شاعیرە جوانەووس و پۆ ئەزموونانەی ئەدەبی کوردی. ئەو چل ساڵەکە دەنووسە و ژیانی خەی ئاوەتەی شیعر کردووە، یان شیعری ئاوەتەی ژیانی خەی کردووە. ئەو لەووی نووسینەوە کەم

دەنووسێ بەناو زۆر قوڵ و پڕ مانا و چڕبوخش دەنووسێ، شیعرەکانی تام و چێژی تایبەت و ڕیتم و ئاوازی پڕ جۆش و خرۆشیان تێدایە. وەک بڕەهەم هەزار حەمە تەنیا نامیلکەیەکی بچکۆلە بڵاو کردۆتەوە بەناوی (مەبەستەکانی لەمەڵ ئەمە)جگە لەم نامیلکەیە هیچ دیوان و بڕەهەمێکی تری چاپ نەکردووە.
زمانی شیعری و شێوەی نووسینی هەزار حەمەی شاعیر جۆرێک لە ژیانی پڕ لەخەم و کەسەر و سۆز و غەریبی و نیشان دەدەن، خۆشەویستی و پەیوەست بوون بەنیشتمان و گەلەوە دەبەستێتەوە. سۆز و دڵبرین و هاوخەمی بە خەڵک و گەلی خۆی بۆتە جۆرێک لە زمان و سۆزداری بە میللەت و نۆتەوە،هەزار حەمە لەهەی شیعرەوە سۆز و هەستی ناخی دەردەبڕێ و دەیگەیەنێ و هەموو ئەو وشە پڕ ئەنگ خواردووانەی ناخی ئەو مرۆڤانەی کە توانای دڵبینیان نییە بەهەر هەکارێکەوە بێت ئەم لەجیاتی ئەوانەوە دڵیان دەبڕێ. یان وەک هەزار حەمە خۆی دەڵێ: (مرۆڤ خۆی لەخۆیدا شیعرێکی جوانە. بەداخەوە ئەفسوس هەموو مرۆڤێک ناتوانێ خۆی بنووسێتەوە).
هەرلەکۆنەوە گوتراوە کە (زمان گۆرانی بووە، یان زمان شیعر بووە). واتا زمان و گۆرانی و شیعر هەر لەکۆنەوە پەیوەندی پتەویان لەنێواندا هەبووە. نەزمان بێ شیعر دەبێ نەشیعریش بێ زمان دەبێ، واتە (گۆرانی و شیعر و مۆسیقا هەر لە سەرەتای مرۆڤی سەرەتاییەوە سەریان هەڵداوە و پەیوەندییەکی لێک دانەبڕاو لە نێواندا هەیە. بەواتایەکی تر شیعر هەرلەبنەچەیەوە مەزموونێکی ئاوازدارە).
بە وردبوونەوە لە چەند نموونەیەک لەشیعرەکانی هەزار حەمەی شاعیر باشتر و جوانتر لێیان تێبگەین.

کەس نییە لە ئەمە لەدابڕدووداو و تاڕادەیەک ئەمڕۆ گوێبیستی شیعرەکانی هەزار حەمە نەبووبێ . یان چەند نموونەیەک لە شیعرەکانی دەخەمە ڕوو.
کەم هەیە لە ئەمە چ لە ئاستا و چ لە دابڕدووداو گوێی لە دەنگ بەستەزمەکەی مامستا ئیبراهیم خەیات نەبووبێ و لەگەڵ گۆرانی (ئەمە گیانەکین لەدوو جەستەدا) هەست و سۆزی نەخرۆشابێ. دەقی ئەم شیعرە یەکەمە لە شیعرە جوان و پڕ سۆز و بەچێژەکانی هەزار حەمە. کە لەدوا دەی شیعرەکەیدا زۆر هونەریانە و وەستایانە ئاماژەی بەناوەکەی خۆی (هەزار) کردووە. ئەم گۆرانییە لە ساڵی (1983) تۆماری کردووە. ئەمەش دەقی شیعرەکەیە بەناوی (پەیمان)

ئەمە گیانەکین لە دوو جەستەدا
وەک شیعر و ئاواز لەیەک بەستەدا
دنیا ناتوانێ لێکمان کاتەوە

مـــگـــــرخوا بـــخـــی بمانبا تـــــو
ئـمـ پـروـردـی یـک خـــ و ئـاوین
بـ یـــک مـبـســت و بـیـک پـناوین
لـــــ نـــــاو یـــــکـــتردا تـــوواوینـــو
ـبـواری یـــک ـین جیـانـــابیـــنـو
پـــیمانمـــانداو تـــا لـــ ژینـــا بین
بـتـــنها ســـــاتـ بـ یـــــکتر نابین
ئـــگـــر لـــودنیاش زیندوو بینـو
هـــر وـکو ئـســتا یـــک ئـگرینـو
یـــک بـیـــکتری خـراکی گـــیـــانین
لـــــ تـــــنـــگـــانـدا بـیـک قوربانین
عـشـــقی پیـزی ئـمـ وـهـــایـــ
هـه تـــــا خواوندیش لـمان(ـهزا)یه

هـر هـمان کات و هـمان سا هـمان هونـرمـند گـرانی (گـردوونی) تـمارکرد، کـ دـقی شیعـرکـ ئـمـیـ .
ئـگـر گـردوون درـ ناکا، بائـفسانـی خـی بنوـنـ
جـوانـکی تر لـــ وـنـــی تـ لـــ دنیادا بـخـولـقـنـ

هونـرمـندی دـنگ خـش (بـهجـت یـحیا) شیعـرـکی پـ ئـاوازی (ـزا حـمـ)ی شـاعیری کـردـتـ گـرانـی و لـ ئـاواز و ـیتمـکـی پـ جـش و خـرشدا بـدـنگـ نـرمـکـی خـی بـمانی چـیوـ، ئـمـش شیعـرکـیـ.
من ـزانم مشتـ خـمـ
شـوانـم چـپکـ ئازارـ
چاوم وـکو چاوی نالی
لـ دووریتا دوو ـووبارـ
تـنیایی بـتـ دایـنی
کـرپـی حـز و خـونـکانم
کـس گوـ ناگرـ لـ ئـاوازی
هـنسک و کوـی گریانم
لـگـ کام ـووباردا بـم
بـرـو کام ئاسمان هـفـم
کـ پـابـندی غـریبی بم
شوـن پـی کام خـزگـ هـگرم
تـبینی هونـرمـند بـهجـت یـحیا دوو سـ کـپـ شیعری خوالـخـشبوو (شـرکـ بـکـسی) تـهـکـش بـ گـرانیـکـ کردووـ. بـام شیعـرکـی شـرکـ بـکـسی کردووـ بـ مقامـک لـکـتایی گـرانیـکـدا.

هونەرمەند خالید ڕەشید چەند شیعرێکی لەزا حەما کردەتە گەرانی و خەمکانی غوربەتمان بە هەدەڕەژە، ئەمەش دەقی شیعری غوربەت:

بە ڕەنگ و بۆیە، جیهانی غوربەت
پڕە لە تاسە و هەناسک و حەسرەت
کە من ڕەحەکەم لە کوردستانە
بە من چی خۆشی ئەم هەندەرانە
بە ناز و بە کەس، بە دەست و هاودەم
بوومەتە هاوڕێی گیانی گیانی خەم
هەندەم نەشیوە تاڵی جودایی
بوومەتە پاشای دنیای تەنیایی
بە کەڵ و دەستە و ماڵ میوانم
بە بە هاوخوان و بە دیوەخانم
مەڵبەن هاوارم بەسەر زاریە
بوونم وابەستەی کوردەواریە
من خۆشی ژیان نەیخەڵەتاندم
دەستی زەرداری دەری پەڕاندم
بە داەدە و چارەم، نیمە دەرەتان
لەوە ڕەح کەشان، لەرە ڕەح سووتان

هونەرمەند خالید ڕەشید ئاوازێکی پڕ لە سۆزی بە شیعرێکی ڕەمانسی ڕەزاحەما داناوە و هەرخۆشی چریویەتی بەناوی (بووکی ئەوارە) ئەمەش دەقی ئەو شیعرەیە و چەژێکی تایبەتی هەیە.

بەرامەی پاش بارانی کەم
لە لاملی جوانت ئەدەم
دەتکەم بە بووکی ئەوارە و
زەردەپەڕت لەبەرئەکەم
شەو جەی شیعرت بە ئادەخەم
تریفەی مانگت پیادەدەم
ئەستێرە بەت بجریونە
فریشتەی خەو بتنونە
نەرمە با شەپەلی قژت
بەسەر ڕووتا ببا و بنێ
خۆشەویستیم بەتە خەوت و
سپێدە بەئاگات بنێ
ئەگەر ئەم دنیا گوڵک بە
تەی ئافرەت ڕەنگ و بۆیەتی
هەرکەسکیش تەی خۆشنەوە

دیارێ ڤەی لێ خەیاتی

دیسان هونەرمەند خالید ڕەشید شیعرێکی تری ڕەزا حەمە دەکاتە گۆرانی بۆناوی (سۆفی) دا بەدەنگێ پۆپ سۆزەکەی خۆی چریوە و بە پێیقە سۆنگین و ناسک و جوانەکانی ڕەزا حەمە ئاشنامان دەکات. ئەمش دەقی شیعرەکەیە.

هەی بۆسۆفی مەزهەبی دوو چاوت بم
وەی بۆ شێخی تەریقەی دوو لێوت بم
سوتانی ڕەحمەکەم، لێسینەم وەدەربێ
گەی عەشق لەباڵای ئەم دنیا بەردەبێ
خۆشەویستیم پێیامێکی ئاسمانییە
بۆ تۆ سووتان شەهادەت و قوربانییە
من نە مەمم نە فەرهادم نە دەوانەم
پێغەمبەری خۆشەویستی ئەم زەمانەم
لەدەداری سەردەم ناچێ ئەم عەشقەی من
ئەفسانەیە، داستانێکە گەورە و مەزن

هونەرمەند کاوە حەمە ساڵح دەقێکی شیعری ڕەزا حەمەی کردۆتە گۆرانی و لە ناخێکی پڕ هەست و سۆزی غوربەت و دووری لە گەل و نیشتمان بە دەنگێ زوڵاڵەکەی بەمانی چێیوە. ئەمش دەقەکەیە بۆناوی (غەریبی)

گەر غەریبی چاوم بوایە
لەمژبوو دەرمەهنابوو
هیوای ئایندەم نەبایە
ئەستا ئەسکیشم نەما بوو
غەریبی ژانە، خورپەیە
سووتانێکی بێ کۆپەیە
خەزانی توشیی و نەهاتە
وشکە گریان، مەرگەساتە
گۆڕاوی گەمکی مەنگە
تونێلی تاریکی و مەرگە
زامکە تابڕی بەسوێ
هاوارکە ناگەتە جێ

هەر هونەرمەند کاوە حەمە ساڵح بەدەنگێ خۆش و پڕ لە حەماسەکەی دەقێکی تری وەرگرتووە و بە ئاوازێکی پڕ جۆش و خرۆش بەدەنگێ خۆشکەی بەمان دەچڕێ و کارساتی ئێنفالمان بە دەگمەنتەوە. ئەمش دەقەکەیەتی:

ئەگەر وتیان هەواری کاروانی ئەوە بۆچی دووره
ئەگەر وتیان داروبەردی وڵاتەکەی لەمەڕ ئەوە بۆچی سووره
هەموو هاوارکەن بەجارێ
بڵێن، چونکه:
لەئاسمانی مەڕبەندەکەی لەمەڕ ئێمه
لەجێی باران خوێن دەبارێ، خوێن دەبارێ
خوێن دەباری

جگە لەم بەرهەمانەی سەرەوە کەباس کران هونەرمەندی تریش شیعری جیاوازی حەمەیان کردووەتە گۆرانی و چەیویانە وەک (ناسکی جیازی) شیعری (هەڵەکەم دەنگی زوڵالی تە نەبێ) و زاهی جەلال و جیهان ئیبراهیم خەیات و کیژان ئیبراهیم خەیات و هی تر.

کاروان حەسەن / هەولێر
(1/1/2022)

دیدار – بارودۆخی ڕۆناکبیری لە کوردستان.. گفتوگۆی کۆمیتیقی لەگەڵ گۆران عەبدوڵا

بۆ گوێگرتن لە گفتوگۆکە کلیکی ئێرە بکەن:

بەدیع بابا‌جان لەنیگارکێشییەوە تا دیزاینی دراوی عیراقی..

هەسوڵ بەسکێنی

دوای خوێندنەوەی بەسەرهاتی ژیانی، زۆر سەرسامی بەهرە و سەلیقە و وردکاری بلیمەتێك بووم، لەبەر شارەزایی و لێهاتوویی بەبەهرەی جوانی توانیویەتی بەهێزترین پەیوەندی نێوان هونەری شێوەکاری و ئەدەبی کوردی دروست بکات، یەکەمین شێوەکاری کوردە بەشێوەیەکی ئەکادیمی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی خوێندووە، هەڵکاری چەندین کاری دانسقەی کێشاوە، تەنانەت دیزاینی پارەی عیراقی کردووە، زۆر کەم بەدوای پارە و سامانەوە بووە، کەچی ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە، بگومان ئەو شایانی ئەوەیە چەندان بڵوانامەی ماستەر و دکتۆرای دەربارە بنووسرێ، کەچی ئەو لەگێشەیەکی خامشدایە و کەمتر دەربارەی دەزانین، ئەو زاتە پێ بەهرە و وردەکارە هونەرمەندی نیگارکێش بەدیع باباجانە، بەدیع کوڕی حسین باباجان لەساڵی 1923لەشاری کەرکوك، لەگەڕەکی ئیمام قاسم لەدایك بووە، دکتۆر حسین باباجانی باوکی پزیشکی نەشتەرکاربوو، لەئەستەنبوڵ پزیشکی خوێندبوو، لەشاری کەرکوك خانوویەکی گەورە و حەوشەیەکی فراوان و باخێکی پێ لەمیوەی تێدابوو، لەو ماڵەدا چەند ژوورێکی تەرخان کردبوو بۆ بینینی نەخۆش، دیوەخانێکی گەورەشی هەبوو لەلایەن دۆستان و برادەران، زۆرجار کۆڕی ئەدەبی تیادەبەسترا، حوسەین ئەفەندی لەبەر دەستبۆاوی ئاژانە چی دەستبکەوتایە خەرجی دەکرد.

سەردەمی منداڵی

بەدیع باباجان لەتەمەنی 5-6 مانگیدا باوکی کۆچی دوایی دەکات، لەسۆزی باوکی بێبەش بووە، بەو هۆیەوە خۆی و هەردوو براکەی و دایکیان لەهەژاری و نەهامەتیدا ژیاون. هەر بەمنداڵی لەناو باخچەی ماڵەکەیاندا هەستی هونەری شێوەکاری لەناخیدا سەرهەڵدەدات، بەدرێژایی ڕۆژگار لەکاغەزی ڕەنگاوڕەنگ شێوەی گوڵ و دار، لەقوڕی سوور پەیکەری فیل و باڵندە، لەکارتۆن فڕۆکەو خانووی دروست دەکرد. بەدیع باباجان بۆ خوێندن چۆتە سلێمانی و لەماڵی ئامۆزاکانی نیشتەجێ بووە، کاتێك دەچێتە قوتابخانەی سەرەتایی هەمان حەزو خولیای هونەریی خۆی بۆ ئەوێ دەبات، لەسەر پەیەی دەفتەرەکەی ڕەسمی چۆلەکەو باڵندەی دەکێشا، بەو هۆیەوە ڕۆژێك یەکێك لەمامۆستاکانی بەتووڕەییەوە دەست دەخاتەسەر دەفتەرەکەی و بەپیسترین قوتابیی وەسف دەکات! بەدیع خوێندنی سەرەتایی لەسلێمانی تەواوکردووە، پاشان گەڕاوەتەوە کەرکوك، قۆناغی ناوەندی لەکەرکوك تەواوکردووە.

یەکەم کوردە بەشێوەی ئەکادیمی هونەری خوێندووە

بەدیع باباجان لەساڵی1945چەتە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا، خۆی ئارەزووی ئەوەی هەبووە لەبەشی مۆسیقای کلاسیکی وەربگیرێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی نەیزانیوە نۆتە بنووسێت، لەوبەشە وەرنەگیراوە، ناچار چەتە بەشی وێنەکێشان و لەساڵی1950سەرکەوتوانە بەپلەی (امتیاز) بەشی هونەرەجوانەکانی بەغدای تەواوکردووە، دواتر وەك فەرمانبەرێکی هونەری لەمساحەی گشتی بەغدا دامەزراوە، لەبەر لێهاتوویی یەکێ بووە لەو هونەرمەندانەی نێردراون بۆ خولی نەخشەسازی لەدەرەوەی عێراق، لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی عیراقیدا لەساڵی 1964 چوونەتە سویسرا، بەڵام تەنیا هونەرمەند بەدیع باباجان لەخولەکەدا سەرکەوتووبووە. لەبەر لێهاتوویی ساڵی1973بەمامۆستای بەشی خۆشنووسی و زەخرەفە لەپەیمانگای هونەرە جوانەکانی بەغدا دامەزراوە و ماوەی چوار ساڵ بەردەوام بووە.

بەدیع باباجان و بەهرە هونەرییەکانی

بەدیع باباجان لەقۆناغی پاش سەرەتایی لەپیشانگاکانی وێنەدا بەشداری دەکات، وەکو قوتابییەکی نیگارکێشی لێهاتوو دەناسرێت، بەدیعی بەهرەمەند و عەوداڵی جیهانی هونەر، خۆی وتویەتی: "لەمنداڵیەوە خوا منی بۆ کلاسیك خەلق کردووە، تاشتەکان بەسروشتی خۆیان بگوازمەوە" دوای تەواوکردنی خوێندن بەدیع لەبەغدا سەرقاڵی تابلۆکێشی دەبێت، هەر جارێك تابلۆیەك دەکێشێت دەستێك دەهات و دەیبرد، ئیدی بەو هۆیەوە وازی لەو پیشەیە هێنا، دواتر بۆ بژێوەی ژیان، لەشەقامی ڕەشیدی شاری بەغدا لەگەڵ خۆشنووسێکی دیکە بەناوی مەهدی جبوری نووسینگەیەکیان بەناوی (الخط العربی) بۆ هەڵکاری و خۆشنووسی کردەوە.

بەدیع خۆیشی چاوەڕێی هیچ پاداشت و نرخ وەرگرتنێکی نەکردووە، لەبەرامبەر ئەو وێنە و تابلۆ هونەرییانەی کێشاویەتی، وەك دکتۆر مارف خەزنەدار نوسیویەتی: بەدیع باباجان بۆیاریدابوو هەرچی کارێکی هونەری پەیوەندی بەکوردەوە هەبێت، تاژیانی ماوە بەخۆایی و بۆ پارە دەیکا، لەبەرئەوە کارە هونەرییەکانی لەنوسینگە دوو جۆربوون. یەکێکیان داهێنانی هونەریی، ئەمەیان بۆ پارە بوو، ئەویتر کاری تەمغەو مارکەی بازرگانی بۆ دەزگاو کۆمپانیا و خەڵکیتر، ئەمەشیان بۆ پارەبوو لەپێناو بژێوی ژیان و باری دارایی خۆزانیی بوو.

کەسایەتی بەدیع باباجان لەمۆژووی هونەری شێوەکاری کوردیدا پێگەیەکی بەرزی هەیە، دەکرێت جۆری کارەکانی ئەم هونەرمەندە لەدوو جۆر ڕیزبەندی بکەین، کە یەکەمیان ئەو کارە هونەریانە بووە بۆ بەرامبەر ئەنجامی داون، جۆری دووەم ئەو کارە بازرگانیانەی بۆ

بژ‌وی ژیانی ئەنجامی داون.

وێنە هە‌کارییەکانی مە‌ژووی ئەدەبی کورد

بەدیع باباجان وێنە و هە‌کاری زۆر لەکتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەی کۆشاوە، ساڵی 1939-1949 وەك یەکەم هەنگاو هە‌کاری و وێنەی گۆڤاری گەلاوێژی کۆشاوە، ساڵی 1948-1949 لەگۆڤاری نزار بەهەمان شێوە دەستێکی باڵای هەبووە. لەساڵی1970نەخشەی دروشمی یەکێتی نووسەرانی کورد و وێنەی بەرگی چەندین پەرتوکی کۆشاوە، بەدرێژایی پتر لە نیو سەدە ژمارەیەکی زۆر تابلۆ وێنەی بەنرخ و نایاب و سەرنجڕاکێشی بۆ ناوەڕۆك و بەرگی زۆر لەگۆڤارو کتێبە ئەدەبییە کوردییەکان کۆشاوە.

لەساڵی1950کە تازە بەدیع باباجان پەیمانگای هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە، مامۆستا عەلائەدین سوجادی داوا لەبەدیع باباجان دەکات بەهە‌کاری پەرتێتی شاعیرە کلاسیکییەکان بکێشێت، بەدیع باباجان و مامۆستا عەلائەدین وا‌ە‌کەوتبوون، مامۆستا عەلائەدین سوجادی پێناسەی شێوە و شکڵی شاعیرەکان بۆ باباجان بکات، ئەمیش بەپێی پێناسەی ئەو سەردەمەی شاعیرەکە تێیدا ژیاوە هە‌کارییەکە بکێشێت، مامۆستا عەلائەدین سوجادی لەنامەیەکی چەند لاپەڕەییدا بەشێوازی سیناریۆی فیلم و کێشانی وێنە بەوشە، داوا دەکات ئەم هونەرمەندە کوردە وێنەی پەرتەتی شاعیرانی کلاسیکی کوردی بۆ بکێشێت، بۆ ئەوەی لەگەڵ باسکردنی ئەو شاعیرانە لەکتێبە بەنرخەکەیدا(مێژووی ئەدەبی کوردی) وێنەی ئەو شاعیرانە دابنێت، کێشانی وێنەی شاعیرانی بەرزی کورد، کارێکی سایکۆلۆجی و کۆمەڵایەتی گرنگ بوو لەدروستکردنی سیما و ئەدگاری هەڵکەوتووانی کورد لەئەندێشەی تاکی کورد. کەسێتی شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد پانتایەکی فراوانی لەئەندێشەی کەسێتی کورد داگیرکردووە، واتا ئەو هە‌کارییانەی لەکتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی)ی عەلائەدین سوجادی بڕاوکراوەتەوە، هەکارێکی گرنگ بووە بۆ ناساندنی ئەو شاعیرانە، ئەویش لەڕگای ئەندێشە و داهێنانەکانی هونەرمەندێکی بەسەلیقەی وەکو بەدیع باباجان ئەنجامدراوە، بەدیع هە‌کاری چەندین شاعیری کوردی وەك: (مەلای جەزیری، بێسارانی، خانی، نالی، سالم، مەولەوی، کوردی، بێسارانی، بابا تاهیری هەمەدانی، فەقێ تەیران، حاجی قادری کۆیی، مەحوی، سالمی سنە، ئەدەب، شێخ ڕەزای تالەبانی… هتد) کۆشاوە.

لەوانەیە بیرت بێ ئەوەبچێ بەدیع باباجان چۆن وێنەی ئەو شاعیرانەی کۆشاوە؟ چۆن ڕوخسارو ئاماژە دەروونیەکانی کۆشاوە، وەك وتمان کێشانی وێنەی بەشی هەرە زۆری شاعیرانی کلاسیکی کوردی لەلایەن بەدیع باباجان، زادەی بیرو ئەندێشەی زانای گەورەی کورد، مامۆستا

عەلائەدین سوجادییە، مامۆستا سوجادی بەهزری خۆی لەسەر تێبینی شیعرەکانیان بەنامە شێوە و دیمەنی رووخساری شاعیرانی کلاسیکی کوردی بێ بەدیع باباجان نووسیوە و ئەو پەرتەتەکانی کۆشاون، بێ نموونە سوجادی بەم شێوەیە وەسفی شاعیرانی بێ بەدیع باباجان کردووە:

"سالم 1800- 1866 تەمەنی 66 ساڵە، پیاوێکی لاواز بووە، باڵا بەرزبووە، ووەمەتی پان، سمێڵی ئەستوور، لووتی درێژ، ڕیشی تاشیوە، مشکی و جامانەی بەشێوەی سلێمانییانە بەستوە. چاوی گەورەبووە، لە کۆتایی تەمەنیدا زۆر غەمبار بووە."

"مەحوی 1830- 1904 تەمەن 74 ساڵ، پیاوێکی بەدیمەن بووە، سوور و سپی بووە، چاو گەورە و برژانگ زۆر درێژنەبووە، قەڵەوبووە، مێزەری کوردانەی لەسەر ناوە، کەوا و سەتە و جبەی لەبەرکردووە، لووتی بەرانی بووە، ڕیشە سپییەکەی قەڵەم نەکردووە، بەئەندازەی دوو پەنجە دەیهێشتەوە، سەرگۆنای بەرزبووە و باڵا بەرزبووە."

بەدیع باباجان خۆی لەچاوپێکەوتنێکدا دەربارەی ئەو وێنانەی کتێبەکەی عەلائەدین سوجادی بەناوی (مێژووی ئەدەبی کوردی) دەڵێت:

"لەسااڵنی دوایی چلەکاندا تەکلیفی لێکردم کە لەبەغدا بووین، تەرکیزی دەخستەسەر وەسفی سەرو سیمایان، بەتایبەت هی حاجی قادری کۆیی زۆر ماندووی کرد تا وەسفی سەر و سیمای دڵزیەوە، ڕۆژێك پیاوێکی زۆر بەتەمەنی دیبوو، کە خۆی حاجی قادری بەچاوی خۆی دیبوو، عەلائەدین سوجادی لەخۆشیدا وەختەبوو باڵ بگرێ، هەر لەسەر ئەو وەسفە سکێچی یەکەم و دووەمی پەیکەرەکەی حاجی قادرم کێشا".

بەدیع باباجان بەم کارەی توانی بەهێزترین پەیوەندی نێوان هونەری شێوەکاری و ئەدەبی کوردی دروست بکات، مارف خەزنەدار لەنوسینێکدا دەڵێت: ئەگەرچی لەدەوروبەری جەنگی دووەمی جیهانی و پاش جەنگ بەدیع وەك هونەرمەندێکی شێوەکاری کورد ناوبانگی پەیداکردبوو، بەوەی هەندێ لەبەرهەمەکانی لەرێژنامەو گۆڤاری کوردی باڵاوەکردەوە. بەتایبەتی لەگۆڤاری گەلاوێژ، نزار، بەڵام ناوبانگی تەواوی لەسەرەتای پەنجاکاندا پەیداکرد، لەوکاتەوەی وێنەی هونەکاری کۆمەڵك لەشاعیرانی کلاسیکی کوردی کێشا بێ کتێبی مێژوی ئەدەبی کوردی، لەسەر داوای عەلائەدین سوجادی.

یەکێکی تر لەو هونەکاریانەی بەدیع باباجان بەیەکێك لەکارە سەرکەوتووەکانی خۆی ناوی دەهێنا، تابلۆی شەرەفخانی بەدلیسی بووە. کە کتێبی شەرەفنامەی پڕازاوەتەوە و ئەوپەڕی بەهرەمەندی و ئەندێشە فراوانی و وردەکاری ئەم هونەرمەندە دەردەخات.

هەژار موکریانی کاتێك لەوەرگێڕانی کتێبی (شەرەفنامە) بووەوە، داوای وێنەکێشانی پەرتەتی شەرەفخانی بەدلیسی لێکردووە و ئەویش

پەرتەوتەکەی بۆ دروست کردووە، هەژار هێندەی تێکستی شەرەفنامە بەو وێنەیەی شەرەفخان دەخۆش بووە.

وێنەی رەنگاوڕەنگی بۆ کتێبی ئەلف و بێ ی کوردی کێشاوە

سەرجەم بابەتەکانی کتێبی ئەلف و بێ ی کوردی مامۆستا (ئیبراهیم ئەمین باپیر) چاپی 1957 بەشێوەیەکی کوردەواریانە هەموو وێنەکان لەلایەن بەدیع بابانەوە کێشراون، بەچاپێکی تازە و جوان و ڕەنگاوڕەنگ خرایە بەردەست منداڵانی کورد، لەم چاپەدا هونەرمەند چەندان وێنەی ڕەنگاوڕەنگی بۆ دارا دوو داری دی و مۆژی مام زۆراب و دێی دادە رژاوە و زۆری تر کێشاوە، لەچاپی ساڵانی دواتر لاسایی وێنەکانی کراونەتەوە، بەڵام بەبی ئەوەی یەك کەس ئاماژە بەناوی بەدیع بابانجان بدات.
دیزاینی دراوی عیراقی کردووە
یەکێکی تر لەو کارە گرنگانەی ئەم هونەرمەندە کوردە کردوویەتی، وێنەکێشان و دیزاینی دراوی کانزایی عێراقی بووە، لەساڵی 1967 لەلایەن بانکی مەرکەزیی عێراقەوە بانگهێشت کراوە، وەك هونەرمەندێك لەسەر ئاستی عێراق ڕاسپێراوە بۆ کێشانی نەخشەسازی دراوی عیراق، بابانجان وێنەو نەخشەکانی کێشاوە خۆشنوسکیش نووسینی سەر ئەو دراوانەی نوسیوە.

بەرهەمە هونەرییەکانی تر

ئەم هونەرمەندە تادوا ساتەکانی ژیانی بەردەوام بووە لەهونەرو کاری هونەری و داهێنانی، کارو چالاکی ئەم هونەرمەندە لەوێنەی دیزاین و مۆرو پارەو پەرتەت و خۆشنووسی و دیزاینی ێیکلام، تا دەگاتە بەرگی کتێب و گۆڤار و وێنەی دەم و چاوەکان، بۆ نموونە: وێنەی سەرکی عێراق عەبدولکەریم قاسمی کێشاوە بە ڕەنگاو ڕەنگ و زۆر کەسایەتی تریش، نوسەر و ڕۆشنبیرانی کورد داوای وێنەی هونکارییان لەبەدیع دەکرد بۆ بەرگی کتێب و بەرهەمە ئەدەبیەکانیان.
هەمیشە نووسەر و ووناکبیرانی تر سەردانیان کردووە و تکەڵاویان لەگەیداهەبووە، نوسەر و روناکبیری گەلەکەمان محەمەدی مەلا کەریم، ئەم هونەرمەندە برادەری چەند ساڵەی بووە لەبەغدا، باسی بەدیع بابانجانی کردووە، دەڵێت:" بەدیع مرۆڤێك بوو، وخسارکی عاریفانەی هەبوو، بەیشە چەرموەکەی لەگەڵ دوو چاوە سەوزەکەی لەژیان و هونەری دەڕوانی..
زۆرجار ڕۆژانە لەبەغدا دەچووم بۆ لای بەدیع بابانجان، کەمێك قسەم

دەکرد و باسی هونەر و ڕۆشنبیریمان دەکرد، بەقەڵەمێکی ڕەساس خەریکی تابلۆ کێشان، یان خەریکی خوێندنەوە بوو، جارجار بەدەم قسەکانیەوە پێی دەوتم: "کاکە حەمە سەیرێکی ئەم تابلۆ تازەیەم بکە بزانم بەدڵتە؟".
محمدی مەلا کەریم لەدرێژەی وتارەکەیدا لەگەڵ هاوڕێ (ڕەنگین)دا نوسیوێتی" سیستمی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا پاشکەوتوەکەت دەرفەتی ئەوەی بۆ نەهێشتووی ئاتۆمبۆمبێکی سادە و بچکۆلەت پێ بۆ بچیتە سەر کارەکەت و بگەڕێتەوە ماڵەکەت، بەکۆ ئەوەندەیشی بۆ نەهێشتبووی پاش پتر لەپەنجا ساڵ خزمەت خانوویەکت هەبۆ بەدڵکی بۆ خەمەوە شەوی تیا ڕۆژ بکەیتەوە..".
بەدیع باباجان شاعیریش بووە و چەندین شیعری بەکوردی و عەرەبی و فارسی نوسیوە. لەخوێندنیشدا دەستێکی باڵای هەبووە، چەند پەرتوکێکی بەخەتێکی خۆش نوسیووە. ئەندامی خوێندنەوانی عێراقی بووە، ئەم هونەرمەندە بەدرێژایی تەمەنی پڕ لەداهێنان و کۆشش و خزمەت تاکچی دوایی بەئارامی و بێدەنگی، خزمەتێکی مەزنی بەهونەری نەتەوەکەی کرد
بەدیع باباجان ڕۆژی 15ی تشرینی دووەمی ساڵی 1996 بەدواجار ماڵئاوایی لەژیان کردووە و لەشاری بەغدا بەخاك سپێردراوە.

سپی بەرەو ڕەش.. سەباح ڕەنجدەر

بۆ دۆشتێکی ناسراودا دەچووم بەختیاریی بەئاگا بهێنمەوە
کۆ نان و ئاو لەمدەست و ئودەستی دانراوێ
بەرازی لموزڕەشی شڕپەنجێ ڕەگای پێ گڕێم
من بێ ڕەگای سەبووری و خڕوێتی ئەزبەرکردنی دروود دڕەم
ئوێش بەو ڕەگایێ دێ
لێ شینایی دەریاوێ ڕەگای بێ هاتووێ
تکڕەی بایێک دەبین
خوێن و بیرەوەری شەدار کردووین
وا نزیکێ ببیێ نەبینراو
چی ما بێ لەوی گەرم ماچی بکەم
ماسیێکم زمان گران
فێ دراومەتێ بەردڕەانک کەس بەلایدا ناچێ

ڕووکان دەبینی
خەتە جووتەکەی کەات
شیری گوڵگەنمی لەناو لەپی منداڵانمان ماوەتەوە
شاعیرکم ژن لارەمل و مات
سەبەری لەی بەهیوایی گەمارۆی داوم
شیعر ئەی تاسەی ڕووبی و گەرانی
شیری دایکی خودام خواردووە بۆیستم مەکە
دەم لەناو دەستم داناوە
کاروانیشی بەسەر زەویدا دەڕوا
زەنگولەی ماندووە

تشرینی دووەمی ٢٠٢١ هەولێر

بۆچی بۆنی نانی، دەمانباتەوە باوەشی دایک؟.. ئا: فازیل شێوە

چ هەستێکی غەریب و چ حەنینێکی پڕ لە سۆز، دە و دەروونت دەوروژێنن و سەرمەستت دەکەن، کاتێک لە کوچە و کۆلانێکی شار یان لە بەرماڵانی گوندی، بۆن و بۆرامەی نان برژاندنی سەر ساج یان نێو تەندوورت بۆ دێ؟ چ سیحرێکە، ئەو بۆنە خۆشە، کە وەسفکردنی مەحاڵە، یەکسەر دەتباتەوە باوەشی دایکت و دیمەنە کوردەواریی جوانەکەی نان کردنت دەتەوە بپشچاو؛ سەر و سێ کوچکە و کەوە و خوانە و تیرگ و ناوبرشک و تەشتە هەوێر و ئەنگوتک و ئاردی سپی و جزیلک و چرە دوکەڵی داری تەڵ و تەندوور و… ! چەند خۆش بوو، کە لە مەکتەب، بە جانتا کتێبەوە دەهاتینەوە، پێش ئەوەی لە دەرگای حەوشە بچینە ژووری، بۆنی نانی برژاو و هاواری دوکەڵ و جزە جزی سەلکە بزێت، مووژدەی ئێستووکە بەووون یان ئێستووکی بە جزیلکان یان ئێستووکی بە شەکری، بە ژەمی نیوەڕۆ پێدەداین. جا خۆ ئەگەر ئەو نان و ئێستووکە، قاپوولە ماستێکی بەری و بەباسانیان لەگەڵ بووایا ئەوا هەر باس ناکرێ.

دوو بۆن و بۆرامە، زۆر بە قوڵایی دەچنە ناخی مرۆڤ و زەرجار، خۆشی بە ئەندازە یان خەمی لە بن نەهاتوومان بە دەکەنە دیاری و بیرەوەرییەکانمان زیندوو دەکەنەوە، بۆنی نانی دەستی دایک و بۆنی یەکەم بارانی ساڵ.

زانایەکی ئەستورالی لە ساڵی (١٩٦٤)، نهێنیی بۆنی یەکەم بارانی ئاشکرا کرد بووی کە لەسەر زەوید جۆرە بەکتریایەک هەیە پێدەگوترێ (Geosmin)، جا ئەو بەکتریایە هەرکە دەپێ بارانی پێدەکەوێ، خۆی دەتەقێنێتەوە، بە پاکردنەوەی زەوی لە هەر شتێکی کە زیان بەخش بێ، واتا زەویەکە ئامادە دەکات بۆ سەوزبوون، لەگەڵ تەقینەوەی ئەو بەکتریایە بۆنێک دێتە بەر لووتمان، کە ئێمە پێی دەڵێین بۆنی یەکەم بارانی سەرپاییزان. جگە لەمەش هووکەکان لە وەرزی وشکانیدا، لە نەو درزی بەرد و شاخ و داخدا، جۆرە روونێک بەجێدەهێڵن، ئەوانیش لەگەڵ تێکبوونیان، بۆنێکی تایبەت بە ژینگەدا بەجێ دەکەنەوە.

ئەدی نهێنیی بۆنی نانە برژاوەکە چییە؟
زانکۆیەکی ئایرلەندی بە ناوی (University College Dublin (UCD، کە بە دووەمین پشکۆتووترین زانکۆی ئەو وڵاتە دادەندرێت، لێکۆڵینەوەیەکی زانستی، لە تاقیگەکانیدا، دەربارەی نهێنیی بۆنی نان و کاریگەری ئەو بۆنە لەسەر مرۆڤ، ئەنجامدا. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکەی ئەوان، ئەو نانەی ڕۆژانە دەیخۆین، نزیکەی (٤٥٠) پێکهاتەیە، لە نەویاندا (٢٠) پێکهاتە، ئەو بۆن و بۆرامە تایبەتییە دەدەنە نانەکە. خاتوو دکتۆر ئیمیلیا سکانیل، لە پەیمانگای خۆراک و تەندروستی، دڵی؛"جگە لە ئارد و ئاو و هەویرترش، گەڵانکارییە کیمیاوییەکان ڕۆڵی سەرەکیان لە دروستی بوونی ئەو بۆنە هەیە، بەتایبەتی لە کاتی برژاندنی یان گەرمکردنەوەی هەویرە هەڵهاتووەکە. گەرمایی، چەندان پێکهاتەی کیمیاوی نانەکە دەگۆڕێ و لە ئاکامی ئەو گەڵانکارییە، ئەو بۆن و بۆرامانە لە نانە برژاوەکە هەڵدەستن.
ئەو خاتوو دکتۆرە، بڕوای نووسەرە، هەویداوە لە نهێنیی کارکردنی ئەو بۆنە، لەسەر مشک و دە و دەروونی ئێمە شیتەڵکاری و تاقیکردنەوە بکات. بە ئەو مەبەستە ڕاپرسییەکی زانستی لەگەڵ سەدان کەس کردووە، ئەو ئاکامەی وەدەست هێناوە کە: (٨٩٪) گوتویانە، بۆنی نانی دەخۆشیان دەکات و جۆرە ئارامییەکیان پێدەبەخشێ، (٣٪)یش گوتویان، بۆنی نان بیرەوەری و یادگارییەکانیان دەوروژێنی و زەرشتیان بە بیردەهێنێتەوە. جار هەیە بۆنی نانەکە لەگەڵ بۆن و

بەرامەی خواردنی دیکە، کەش و هەوایەکی تایبەت سازدەکەن.
خاتو دکتەر سکاینل دەڵێ، کاتێک بەنی نانەکە دەگاتە لووتمان لە
ڕێی هەستەوەرەکانی تایبەت بە بۆنکردن، دەگوازترێتەوە بۆ خانە
تایبەتمەندەکانی بۆنکردن لە مێشکدا، لەوێش لە ڕێی سەر پیفەکە
هەستیارەکانی ئەو بۆشە، بۆنەکە شیدەکرێتەوە یەکسەر دەنردرێتە
دوو بۆشی تایبەت بە (سەز و بیرەوەری) لە مێشکدا. بەمجۆرە بەنی
نانی برژاو لەو خانە تایبەتمەندانەی سەز و بیرەوەری هەڵدەگیرێن،
جا هەر کاتێ، لە هەر شوێنێک جارێکی دی ئەو بۆنە هاتە بەر لووت،
بیرەوەرییەکان و سەز و حەزەکە زیندووە دەبنەوە و
یادەوەرییەکانمان بەبیر دێتەوە ــ ئەمە بە بەنی دیکەش هەروایە،
وەک بەنی گوناوەکی تایبەت بە خۆشەویستەکەت.

جا چونکە لە کاتی نانکردن، ئەمەی کورد، هەمیشە دیمەن و ڕوخساری
دایکمان دەبینین، ئەوا بۆنەکە و دیمەنەکە، وەک ئەو خاتوونە
لێکدانەوەی بۆ کرد، وادەکات دایکمان وەبیر بێتەوە و غوربەت و
حەزین و سەز و خۆشەوستیمان بۆی دەمەزرد ببێتەوە.

زۆر لە شاعیران، لە هەموو نێتەوەکاندا، ئاماژەیان بە بەنی نان و
دایک و مەفتەن کردووە، ئەوەتا مەحموود دەروێش دەڵێ:

(بۆ دایکم)
تامەزرۆی نانەکەی دایکم و
قاوەکەی دایکم و
دەست بەسەردا هێنانی دایکمم
وا سەردەمی منداڵیم
ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گۆڕە دەبە و
عاشقی عومری خۆم دەبم
چۆنکی گەر مردم
لە سەماوی فرمێسکە گەرمەکانی دایکم شەرم دەکەم!
ڕۆژە، گەر گەڕامەوە،
بمکە بە پەچەی سەر برژانگەکانت و
ئێسقانەکانم بە سەوزە گیایەك داپۆشە
لە ئاوی پاکی پاژنەتدا (تەعمید)کرا بە و
بەندنیم بە ئەگریجێیەکی قژی خۆتەوە
بە سەرداوێکی دامێنی کراسەکەتەوە گرێدە،
ئە بەڵکە ببم بە خداوەندێك...
خۆ گەر هەر دەستم بە ناخی دێتا ڕابگا
خداوەندەکم لێدروست دەبە...

گەر گەڵامەوە بمکە بە سووتەمەنی
بۆ ئاگری تەندوورەکەت،
بمکە بە دەستی جلك هەڵخستنی سەربانەکەت.
چونکە من بەبێ نوێژی ژانت
لەسەر پا خەم ڕاناگرم…
پیرۆکەنەفت بووم،
ساتوخوا ستێرەکانی کاتی منداڵیم پێبەخشەوە
تا لەگەڵا فەرخە کشکەکاندا
پێکەوە
دەنگی گەڵانەوە بگرینە بەر،
بەرەو هەڵانەی چاوەڕوانیت!

سەرچاوە: ئینتەرنیت، نووسەر شیعرەکەی مەحموود دەروێشی کردووە بە کوردی.

دایك و باوك.. عەبدولسەتار نورعەلی.. لە عەرەبییەوە: ئەحمەد ڕەجەب

دایکم کە
لەسەر لێوانم
دڕەوشاوەترین میوەو (1)
مەزنترین وێنەی چاند و (2)
لە سەر دەمدا
بە ئەماس ، بە چاوان ، بە خەر مەری کرد
ئای چەند تامەزڕوی نانەکم ئەو هەوێرەکەی شەلا بێت (3)
بە خوشەویستی بە ڕوح .
هیچ نەماوە بە یەك بگەن
لە سێبەری سێبەر لە سێبەرەکەیدا.

باوکم کەشیدەی (4) لە سەر دەکردو،
قورئان و سونەت وفیقە و،
مژووی هەموو پێغەمبەرەکانی لە بەر دەکرد ،
هەموو خەڵکی خوش دەویست : خواپەرست ولاسارەکان(5)
هەمووخەڵك خوشیان دەویست
ژیانێك ، (6)
ساختەکاری و
فێڵ و، دورویی نازانێت
ئەوە باوکمە
لە راستگۆیدا وەك شەمشێر،
هێشتا (7) دەچەقێتە
سنگی فێڵبازە خراپەکان .

ئەو روژەی دایکم
لە ناو هەموو ژناندا شانازی دەکرد
کە من یەکەم بووم لە پولدا
لە ناو سێنگی
کونسێرتی ئاوازەکان
دەستپێکرد.

ئەو روژەی باوکم
چووە سەر مینبەری ئایاتەکان
چاوەکانم کرانەوە
پێشوازی لە
باڵە پاکەکان کرد

سوپاس ، خوایە ، من
لە سەر رێی ئەم ئاڵانەم (8)

(نامە) :

روژکیان: ” هاور باشەکەمان هەمزاتوق (9)
وتی باشترین تراکتور
لە قوری ئاسایی دروست دەکرێت و
نایابترین هەبەست
لە وشەی سادە پێکدێت “.
ئەی هاوڕی سادەم و پر لە هەست و
ئەی سرودی دڵی دەرگا کراوەکان و،
ئەی هاوڕی زەمانی (روناکی) چاوەکانم
ئەستەغفرو اللە.
باسی نایاب بوون لە شیعرەکانماندا ناکەین
چونکە سادەیە وەك سادەیی باوکم و،
پاك و خاوێنە وەك دلسافي دایکم (10) و ،
ئازاکانی دانیشتوی باب ئەلشێخ و ،
سەدرییەو، (11)
خەوەتك دارەکانی ئامادەکراون. (12)
تێبینی و رووونکردنەوە:
(1) و
(2) خشەویستی دایك وباوك کە منبان هیناوەتە ژیان، واتە دربرینی خشەویستی بێ بەرهەمەکەیان.
(3) نووساوە بە دەنەکن (پراسووەکانی) شێلواو بێت.
(4) مێژەر یان ئەو پەڕیە لە سەر مەلاکان دەردەکەوێت.
(5) کەسانی دوور لە خواپەرستی.
(6) بیۆگرافی.
(7) نابڕتەوە، بەردەوام ، بە بێ کۆتاە.
(8) لە سەر ڕچکەی دایك و باوك.
(9) ڕەسوڵ هەمزاتۆف { 1923 ـــ 2003} ، خاوەنی بەرهەمکی زۆرەو، براوەی چەندین خەاتە و ، باشترین شاعیری سەدەی رابردوو ببوو.
(10) بەو ئافرەتانە دەوترێت کە پاکن یان سێزیان بەلای ئاینەوەیە و، لێرەدا من دایکم بەکارهێناوە.
(11) باب ئەاشیخ و سەدرییە: دوو گەرەکی سەر شەقامی ئەلکیفاحەو، زوربەی دانیشتوانیان کوردن ە، بە ئازایەتی ناسراون.
(12) بێ سوتاندن و پێشوازی کردن.

29/12/2021

ئەمسایش مرد و نامردین.. نەوزاد بەندی

ەیشت و
لەگەڵ خۆی
نەیبردین ..

سبەینێ ساڵکی تازە ،
دێتە ناو شار ..
ئەم هەروەکو پار ،
کوردین ..

نازانین کێ ،
نەوت و
داهات و
ئومێد و
زەردەخەنەی لێوی
بردین ..

نازانین کێ ،
دەشت و
گرد و
دەڤ و
شاخ و کێوی
بردین ..

ئێشزانین ،
بەس وای دەردەخەین
کە نازانین ..
ئاخر زانین و نەزانین ،
وەکو یەک وان ،
چونکە پارچە پارچە و
ووردین ..

سبەینێ لە یەکەم هەژیا ،
ساڵی نوێ ساتمەیەک ئەدا و
ئۆژنەی پانتاییەکەی ئەدەن ..
بەینباخەکەی
ئەچێتە قوواوەو ..
کراسەکەی چەکن ئەبێ ..
چونکە ئەمڕ ،
بە هەموو بەستەزمانێ ،
وەکو شەر ،
بە دەست و بردین ..

سبەینێ لە یادمان ئەچێ ،
ساڵی نوێیە و ..
لەسەر پار بەردەوام ئەبین ..
ئامادەی گشت دڵانەکین
دژی هەموو گڵانەکین ..
نە بەکاری دنیا دەین ،
نە بە کاری دین ..

ـــــن . بەندی ـــــ

ساڵی نوێ.. دڵکەش قادر

لە ساڵی نوێ دەرگاکانی هاتن قفڵ مەکە
لە گۆشەیەکی دیکەوە
لە پەنجەرەیەکی دیکەوە
ناتوانم سەیری هووناکی کەم
ناتوانم لە هوو لە تیشکەکی دیکە کەم
کاتێ سەراسیمای تەم.

لە ساڵی نوێدا ناتوانم خەون بە تۆوە نەبینم
من لە هەموجەما تە
تە لە هەموو جێتا من قفڵکراوم.
ساڵەکی دیکەش بەوا

من هەر لە خەیاڵی تەدا یارییەکی منداڵانە دەکەم.

دڵاقەکانی هاتن دامەخە
من سەر بە تەریقەتی عیشقم
لە بەرقاپی خانەقای مەولا سەرتاتکی بینینی دوا تابلۆی نیگای تەم
شۆن تا ئەوجی بیرکردنەوە کەت
تاکشانی ئەوارە سەبەری سنەوبەرکی تەت.

لە ساڵی نوەدا
من تاسووخکی نایابم بە دیار وێنەکەتەوە دانیشتووم
تا ژانی خەیاڵ
کات بە کۆکی بەدەنگی نایەت
من بەسەم دە لە قسە و
هاژەم دە لە ژانی جوانی
ئەگریجەم لە تابلۆیەکت بئاخنە و
بە تەپۆینی ترپەیەك لە ساڵی نوەدا
سەاوەك بنەرە.

سلەمانیی
دەکەش قادر